# پێوەندی ئیسرائیل و کورد لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول دا (١٩٦١_١٩٧٥)

ماجید خەلیل فەتاح          فاروق موحەمەد حەمە ئەمین
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سەید سادق
بەشی مێژوو

**پێشەکی**

شۆڕشی ئەیلول یەکێك لە درێژترین و دیارترین شۆڕش و تێکۆشانەکانی نەتەوەی بندەستی کوردە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا. پێوەندییە دەرەکییەکانی شۆڕش و دەستێوەردان و چاوتێبڕین و دیمانەی غەوارەکان لەنێو شۆڕشدا خاڵێکە کە فرەترین باس و خواستی لەبارەوە دەکرێت. هەمیشە هەستیارترین پێوەندیی و شاراوەترین و لەهەمانکاتدا کاریگەرترین پێوەندی نێو شۆڕشی ئەیلول بریتیبووە لە ئامادەیی ئیسرائیل لەنێو رووداوەکانی شۆڕشدا. پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، دیوێکی شاراوەو لە هەمانکاتدا کاریگەریی پێوەندییە دەرەکییەکانی نێو شۆڕشی ئەیلولن ئەوپێوەندییانە چەندە شاراوەو گومناوی نێو بابەتە زانستی و ئەکادیمییەکانە، هێندە لەنێو نوسین و لێدوان و تۆمەتی نەیارانی کوردا دەنگدانەوەیان هەیە. ئیسرائیل کەناڵێکی هاریکاریی و دەستگرۆیی شۆڕشی بێ پشتیوان و بێ کەسیی کورد بوو، کەناڵێك کە وەك چۆن لەپڕێکدا کرایەوە، هەر بەوجۆرەیش بوویە هاوڕێی نیوە رێی شۆڕشگێڕانی کوردو لەبەردەمیاندا ئاوا بوو.

کۆڵینەوە لەسەر ئەم پەیوەندییانە بایەخێکی ئەوتۆی هەیە، هەرچەندە وێران بە پەیجوری پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل کارێکی سەخت و هەستیارە، وەلێ ئەکادیمیبوونی توێژینەوەکی لەم جۆرە لەلایەکەوە کارێکی دەگمەنەو هێشتا شرۆڤەیەکی زانستی بۆ ئەم پێوەندییانەی شۆڕش و ئیسرائیل نەکراوە، ئەوە لەکاتێکدا زۆرترین دەنگدانەوەی لەناوەندەکانی یارو نەیاری کوردا دروستکردووە. لەبەر ئەوە خزانی ئەم پرسە بۆ نێو بابەتێکی ئەکادیمی کارێکی ئێجگار بەسودەو پێوەندییە دیپلۆماسیی و سیاسی و سەربازییەکانی مێژوووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان ئاتاجی پێیانە. هاوکات لە ئێستادا کورد پەیجوری کەناڵێکە تا پرسی سەربەخۆ بوونی نەتەوەیی و متمانەی دەرو دراوسێ مسۆگەر بکات، هەربۆیە ریشەی وڵاتانی پێوەندیدار لە کۆڵینەوە زانستییەکاندا، ئەزموونی مامەڵەکردنیان لە رابردوودا، سەرەداوی هەڵوێستەکانی ئەوڕۆیان دیاری دەکات و سیاسییەکان دەتوانن چلۆن دەستبەرن بۆ پێوەندیی لەگەڵ هەر وڵاتێك.

ئامانج لەم کۆڵینەوەیەدا راستکردنەوەی هەموو ئەو نوسینانەیە کە لەسەر بنەمای نازانستی لەمەڕ پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل هەڵبەستراون، هاوکات ئاشنابوونە بە سەرەداوەکانی یەکێك لە تراژیدیاکانی شکستی شۆڕشی ئەیلول و تێگەیشتنە لەو گەمەیەی کە دەرهەق بە شۆڕشی ئەیلول کراو ئاشنابوونە بەو دەماری بەرژەوەندیخوازییەی کە ئیسرائیل لەمامەڵە لەگەڵ کوردا لەقۆناغە جیاوازەکان و لەگەڵ پارچەکانی کوردستاندا بە شێوەو شێوازی جودا راستیدەکاتەوە.

هێڵە سەرەکییەکانو بنەمای نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە بە سود وەرگرتنبووە لە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی، کە بریتی بووە  لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی ڕەسەنو بەڵگەی دروستو ووتەو لێدوانی پەیوەست بە ڕووداوو و زانیارییەکانو هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو زانیارییە کۆکراوانەو بەراوردکردنو دوواجار بڕیاردان لەسەریان، هاوکات سودمان لە  ڕێبازی زانستی سیاسیو جوگرافیای سیاسی  لە نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا وەرگرتووە.

گرفتەکانی توێژینەوەکە لەلایەکەوە پەیوەستە بە سەرچاوەو بەڵگەنامەکانی دەرەوەی کوردستان، کە ئەستەمە لەپرسی بابەتێکی زانستیدا شوێنیان بێتەوە، بەتایبەتی سەرچاوە عەرەبییەکان، لەلایەکیتریشەوە بابەتیچکی لەم جۆرە لەلایەن خودی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەشاراوەیی هێڵراوەتەوەو لەبەر هەلو مەرجی سیاسییو ڕەچاوکردنی دۆستانی هەرێمی ئەوڕۆ زیندوناکرێتەوە، ئەوە وایکردووە کە بەئەستەم دەستمان بگات بە بەڵگەنامەکانی ئەو پێوەندییانە. هاوکات دەستڕاگەیشتنی توێژەر بە بەرپرسو ناوەندە سیاسییەکانی ئیسرائیل ئەستەمەو بۆ خۆشیان لەو بارەیەوە کەمترین نوسینیان خستووەتە ڕوو.

توێژینەوەکە خۆی لە چوار باسی سەرەکیدا دەبینێتەوەن باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕیشەی جووەکانی کوردستانو پرۆسەی کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل، کە لێرەوە دەستپێکی ئاشنابوونو خاڵێکی پێوەندی ئەم دوو نەتەوە دەستپێدەکات. لەباسی دووەمدا بەوردی زەمینەکانو فاکتەرەکانی پێوەندی کورد لەگەڵ ئیسرائیل خراوەتە ڕوو. لەباسی سێهەمدا سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولو لەو نێوەندەیشدا دەستپێکی پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل ئاماژەی پێکراوەو بەپێی قۆناغەکان شوێنیکراوەتەوە . لەباسی چوارەمیشدا پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل لەسەردەمی حوکمڕانی پارتی بەعس دا بەوردی ئاماژەیان پێکراوەو ئەنجامی پێوەندییەکانیش لە دوواجاردا ڕوونکراوەتەوە.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشتبەستراوە بەگەلێك لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی کە لە زانکۆکانی دەرێو ئیسرائیلدا نوسراون لەوانە نوسینەکانی ئۆفرا بینگۆ و سێرجی میناسیان و مایکڵ گەنتەرو گوێنتەر دیشنەر، شلمۆ نکدیمۆن هاوکات نوسینی توێژەرە عەرەبییەکان لەوانە ئەحمەد سوسەو فازڵ بەراكو  سادق حەسەن سودانیو سەلاح خەرسان، هاوکات سود لە نوسینی سیاسییەکانی کورد لەوانە مەسعود بارزانی وەرگیراوە. بۆ شیکردنەوەی دیوە شارراوەکانیش کەڵك لە یاداشتو نوسینی عیسا پەژمان وەرگیراوە. هاوکات سود لە سەرچاوە زانستییەکانی ئەکادیمییەکانی کورد وەرگیراوەو لەوانە ئەیوب بارزانیو شەکیب عەقراویو هتد. سەرەڕای ئەوەیش لە نوسینی بابەتە زانستییەکانی گۆڤارو سەرچاوە ئەلۆکترۆنییەکان زۆرترین سەرنجو بەدواداچوونی نوێ لەسەر ئەو پەیوەندییانە شوێنی کراوەتەوە. بەم چەشنە توانراوە زۆرترین دیوی شاراوەی ئەو پەیوەندییانە زیندوو رابگیرێتو توێژینەوەی زانستییان لەبارەوە بکرێت. دەکرێت ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەك بێت بۆ ئاشنابوونێکی سەرەتایی بە چۆنیەتی پەیوەندییەکانیو ڕێگەخۆشکردنێك بێت تاوەکو توێژەرانی کورد زیاتر لەسەر ئەو پیەوەندییانە ڕاوەستانیان هەبێت.

**باسی یەکەم: پێشینەی مێژوویی جووەکانی کوردستانو پرۆسەی کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل**

**جووەکان نەژادی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ سەر پەیامبەر (ئیبراهیم)، پێیان وایە، (یەهودا) زارۆی یەعقوب(ئیسرائیل)ی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمە [1] . ئیبراهیم لەشاری (ئور)ی ئێراقەوە ساڵی (١٨٠٦) پ . ز لەگەڵ ژمارەیەك لە شوێنکەوتووانی کۆچیان کردووە بۆ زەوی کەنعان( ئیسرائیل)[2]. دواتر خەڵکی ئەوێ بەنەوەی ئیسرائیل ناسراونو بوونە پێکهاتەیەکی ئایینیو سیاسیی و نەتەوەیی لەنێوچەکەداو قەڵەمڕەوێکیان بەنێوی مەملەکەتی یەهودا (٩٣١ ـ ٥٨٦) پ . ز دروستکردووە [3] .**

**بەشێوەیەکی گشتی جووەکان دابەش دەبن بەسەر چوار بەشی سەرەکیداو هەریەکەیان لەپانتاییەکی جوگرافیو لەقۆناغێکی مێژوویی جیاوازدا پەرتبوونو بڵاوبوونەتەوە[4].**

**جووەکانی کوردستان سەربە نەژادی جووەکانی ڕۆژهەڵاتن. هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەنێوچە عەرەبییەکانو کوردستانو ئێرانو ئەفغانستاندا بوونیان هەبووە[5].**

**جووە کوردستانییەکان بە پێوەندگی مێژوو و ڕاستەوخۆ بوونەتە نەوەی کۆنترین کۆمەڵگەو ڕەسەنایەتییان لەو کۆمەڵگەیەدایە، ئەوان بە ستانداردی تایبەتمەندی فرە جیاوازترن لە گروپە جووەکانی ترو لە رووی مێژووییەوە جووەکانی کوردستان شیاوترینن[6]. چونکە لەمیانەی چەند قۆناغێکی دێرینی مێژووییەوە ئاوێتەی خاكو خەڵکی کوردستان بوون. لەرووی کۆڵینەوەی زانستیو ئاینیی خۆیانەوە پێیان وایە لە رابردوویەکی دێرینەوە وابەستەی کوردستان بوون. چەندەها کۆڵەری جوو سەردانی کوردستانیان کردووە[7]و ئەوەیان**

---

[1] Israel Hanukoglu, Ph.D :Brief History of Israel and the Jewish People /http://www.science.co.il/Israel-history.php.

[2] أحمد سوسة : ملامح من التأريخ القديم ليهود العراق، مركز دراسات فلسطنة، ط١، بغداد(١٩٧٨)، ص ١٤.

[3] بەگوێرەی سەرچاوە ئیسلامییەکان جووەکان نەوەی ئیسرائیلنو شوێنکەوتەی موسا پێغەمبەرن. موسا بە ماوەیەکی زۆر بانگەوازی نەتەوەکەی دەکات بۆ یەکتاپەرستیی . بەڵام لەلایەن فیرعەونەکانی میصرەوە دژایەتی دەکرێنو ناچار دەکرێن ئەوانەی باوەڕیان پێ هێناوە کۆچبکەن بۆ فەلەستین . مێوونووسەکان ساڵی ئەم کۆچکردنە بۆ (١٢٩١) پ . ز . دەگەڕێننەوە . لەم سەردەمەدا (رەعەمسیسی دووەم) لەسەر تەختی میصر بووە ( ١٣٠٠ ـ ١٢٣٣) پ . ز . هەندێك لەسەرچاوەکان دەڵێن ژمارەی ئەو کەسانەی کۆچیان کرد (٦٠٠٠ ـ ٧٠٠٠) کەس بوون ( أحمد سوسه : مفصل العرب واليهود في تأريخ، طبعة الجسد، بغداد، ١٩٨٠، ص ٥٥٥ ) .

[4] جووەکان سەر بە ٤ نەژادی جیاوازن، کە بریتین لەمانە: جوەکانی (سەفاردیم) ، ئەمانە زیاتر کەوتبوونە ئیسپانیاوە، ساڵی(١٤٩٢)ز لەوێ دەردەکرێنو روودەکەنە ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیاو یۆنانو فەرەنسا. ئەمانە بەزمانی لاریتۆ قسەدەکەن. جولەکەی (ئەشکەنیزم)، کەوتوونەتە ئەڵمانیاوەو بەزمانی ئەڵمانی کۆن قسەدەکەنو لەژێر کاریگەریی زمانی عیبریدان. (ئەشکنازی) نەوەی دووایین لە سەرانسەری جیهاندا، کە ژمارەیەکی زیاترنو لە پێشترن لە هەموو لقەکانی تری جوو لە سەرانسەری جیهاندا. هەر ئەشکنازی بوون کە نوێنەرایەتی زۆرینەی دانیشتوانی ئیسرائیلیان کردو توانیان تەواوی جومگە سەرەکییەکانی ژیانی فەرهەنگیو سیاسیو ئابووری ئیسرائیل کۆنترۆڵ بکەن. جووی (دۆنمە) لە ساڵی (١٦٣٩)ز لە یۆنانەوە هاتنە تورکیاو بەرەچەڵەك ئیسپانین، لەرووی ئەتواری ئاینداریییەوە جیاوازن.( http://www.jewfaq.org/ashkseph:htm Ashkenazic and Sephardic Jews ; عەباس سلێمان ئیسماعیل : ڕیشەی جوولەکەکانی کوردستان و نەرێتیان لە پارێزگای هەولێر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە ( ١٤) ، بەهاری ٢٠٠٢ ، ل١٣;

.(Sergey Minasian: THE ISRAELI-KURDISH RELATIONS , p١٩,٢٠ http://www.noravank.am/upload/pdf/٢٥٦_en.pdf ).

[5] ئەحمەد باوەڕ : جوولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠٠٠، ل٢٤.

[6] Sergey Minasian: THE ISRAELI-KURDISH RELATIONS, ٢١-st CENTURY , № ١, ٢٠٠٧, p١٦/http://www.noravank.am/upload/pdf/٢٥٦_en.pdf

[7] ئەو جووانەی کە بۆ مەبەستی کۆڵینەوە لە نەژادی جووە کوردەکان هاتوونەتە کوردستان بریتین لە: بنیامین مەتەوەدلە، فەتاهیما، مێرگنشبێرگ.( **شلومو نكديمون: الموساد في العراق ودول الجوار انهيار الامال الاسرائيلية والكردية، ترجمة بدرعقيلي، الطبعة الثانية، دار الجليل للنسر، عمان، ٢٠٠٤، ص ٣٢).**

سەلماندووە کە جووەکانی کورد پاشماوەی ئەو (١٠) تیرەی جوون، کە پادشاکانی (ئاشوور) بە دیلی هێناویانن بۆ ناوچەکانی کوردستان[٨].

هاتنی جووەکان بۆ کوردستان بەسێ قۆناغ بووە، کە پەیوەستە بەسەردەمی ئاشووریو بابلیو رۆمانییەکانەوە. بەگوێرەی (کتێبی پیرۆز)، پاش شکستی پادشانشینی (ئیسرائیل) لەلایەن (شەلمانەسر)ی سێهەمی پادشای ئاشورییەوە لە (٧٧٢) پ.ز توانی (٢٥) هەزار جوو بەدیل بگرێ و بیان هێنێ بۆ کوردستان[٩]. لەسەرچاوە ئاینییەکانی جوودا، (یوشەع) پێغەمبەر باسی لەو جووە ونبووانە کردووە لەسەرزەمینی ئاشووردا[١٠]. چونکە سیاسەتی ئاشورییەکان وەهابوو کە لەنێوچە دوورە دەستو شاخاوییەکاندا جووەکانی پەرتو پەرتەوازە دەکردنو لەپێوەندیيو پەیجوریکردن دووریدەخستنەوە[١١]. هەربۆیە کۆڵەرانی جوویش دڵنیایی دەدەن کە کوردە جووەکان پاشماوەی ئەو (١٠) تیرەیەن کە لەسەردەمی ئاشورییەکاندا بە تۆپزی هێنراونەتە کوردستانەوە[١٢].

دوای ئەویش (سەرجۆنی دووەم) (٧٢٢ ـ ٧٠٥) هێرشێکی کردە سەریانو ژمارەیەکی تری هێنان بۆ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان [١٣] .

هاوکات (بەخت نەسری دووەم) ی بابلی بەهەماهەنگی لەتەك میدییەکاندا توانی شکست بە ئاشورییەکان بهێنێتو یەهودا ملکەچ بە قەڵەمڕەوی خۆی بکات، لەم کاتەیشدا بەشێك لە جووەکان لە بابلو نێوچەکانیدا نیشتەجێکران[١٤].

ڕۆمەکان بەسەرکردایەتی (تیتۆ) لە (٧٠)ز هەستان بەداگیرکردنی فەلەستین، لەم کاتەشدا ژمارەیەکی زۆر لەجوولەکەکان هەڵهاتن بۆ ژێردەسەڵاتی ئەخمینییەکان چونکە ناوچەیەکی بێ ترس بوو[١٥] .

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە میرنشینی (حدیاب)، کە پایتەختەکەی شاری هەولێر بوو . هەستا بەپەنادانی جووەکان کە هەڵهاتبوون لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمەکان، چونکە ئەم میرنیشینە پاشاکەی جوو بوو[١٦].

پێشتریش ئاماژە بەسەرچاوە رۆمانیو یۆنانییەکان لەئاکامی داگیرکردنی فەلەستین (٧١-٨٣)پ.ز لەلایەن پادشای ئەرمەنی (تیگرانی مەزنی دووەم) دیسانەوە زۆرێك لە جووەکان لەنێوچە پاینییەکانی بانەکانی ئەرمینیا کە دەکەونە تەك باکوری میزۆپۆتامیا نیشتەجێکران، بەتایبەتی برانە پێتەختی تازە دامەزراوی ئەرمینیا (تیگرانکێرت)، کە لەلایەن تیگرانی مەزنەوە بونیادنرابوو. (دەکەوێتە سەروی سەرچاوەی رووباری دیجلە)وە . وەلێ لەقۆناغەکانی دواترا هەمان ئەو جووانە بە ئاڕاستەی باشوور لە باکووری میسۆپۆتامیادا جێگیربوون.[١٧]

ئیدی لەوێوە حاخامە جووەکان کاریانکرد بۆ برەودان بەچالاکی میسیۆنێری(بانگەواز بۆ ئایینی جوو) بۆ ئەوەی دانیشتووانە نێوچەییەکەی ئەوێ وەرگێڕنە سەر ئایینی جوو، ئەوان فرە بە سەرکەوتوویی ئەمکارەیان

[٨]شلۆمۆ نکدیمون: م، س، ل ٣٢.

-٣١ [٩] مأمون کیوان : الیهود في الشرق الأوسط : الخروج الأخیر من الجیتو الجدید،ط١، ١٩٩٦ ، ص ١٨ .

[١٠]شلۆمۆن ندیمۆن: م، س، ص٣٢.

[١١] أحمد سوسه : ملامح من التأریخ القدیم لیهود العراق، س ، پ ، ص٢٧.

[١٢]ن، م، ص٣٢

[١٣]أحمد نسیم سوسة : حیاتی فی نصف قرن، ط١، بغداد ١٩٨٦ ، ص٨٧.

[١٤] Sergey Minasian:op,cit,p١٧.

[١٥] صادق حسن السودانی : النشاط الصهیونی في العراق، ١٩١٤ ـ ١٩٥٢، طبعة الثانیة، بغداد . ١٩٨٦ ص٧ .

[١٦] ڕەشاد میران : ڕەوشتی ئاین و نەتەوەکان لە کوردستان، چ٢، کوردستان، ٢٠٠٠ ل٢٩.

[١٧] Sergey Minasian:op,cit,p١٧.

ئەنجامدا. بەگوێرەی زانیارییەکانی تەلموودو ئەفسانەی جووەکان لە دەستپێکی کاردا زۆرینەی دانیشتوانی ئەربل( هەولێری ئێستا) ئایینی جوویان پەسەندکرد، لەنێو ئەواندا تەنانەت خانەوادەو بنەماڵە فەرمانڕەواکانی (ئەدیابین) دەبینران.[١٨] لەبەرئەوە سەرچاوەکان سەرەتاکانی هاتنی جوویان بۆ کوردستان ڕۆشنکردووەتەوەو وەك پێکهاتەکانی تری کورد ئاوێتەی کوردستان بوون.

[١٩]. سەبارەت بە زمانی قسە کردنی جووەکان، ئەوا لە نێو هەردوو خانەوادەکانو پەرستگا ئایینییەکانی جوودا بە دیالێکتی ئارامی دەدوێن . هاوکات هەندێك لە جووە کوردستانییەکان لەتوانایاندا هەیە بە زمانی ئارامی نوێ بدوێن[٢٠]. بەم تایبەتمەندیی مێژوویی‌و ئایینی‌و زمانەوانییە جیاوازەوە پێکهاتەی جوو وەك کەمینەیەکی ئایینی لە کوردستاندا مانەوەو تێکەڵ بە دابو نەریتو ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی کورد بوون.

ئەوان لەسەردەمی مێژووی نوێی کورد دا گۆڕانکاری بەسەر ژیانیاندا هات. لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی عوسمانییەکاندا جووەکان ڕەوشی ژیانیان باش بوو، یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکراو بەشێکی بەهێزی ئابووری‌و بازاڕی کوردستان بوون[٢١].

جووەکان بەگشتی بایەخیان بە کاری بازرگانی‌و پیشەی دەستی دەدا، بۆ نموونە لەسەرتای سەدەی (١٧) (تکسیر) گەشتێك بۆ عێراق‌و کوردستان دەکاتو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (٢٠ - ٣٠) هەزار خێزانی جوو هەبوون، زۆربەیان دەوڵەمەند بوون و بەکاری بازرگانیەوە خەریك بوون. [٢٢]

جووەکان دابەشبوون بەسەر تەواوی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا[٢٣]، بەپێی ئەو سەرژمێرییەی کە لەکۆتایی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامدراوە، جووەکانی کوردستان بەنزیکەی (٦٠) هەزار خەملێنراون[٢٤].

تێکڕای ژمارەیان بە گوێرەی خەملاندنە جیاوازەکان لە نیوەی سەدەی بیستەمدا(٤٠) بۆ (٥٠) هەزار کەس دەخەملێنران. هاوکات زانیاریگەلی تریش لەو خەملاندنانەدا کەڵکی لێوەرگیراوە .

سەرچاوە ئیسرائیلییەکان بەپشتبەستن بە ئاماری دانیشتوانی ئێراق، لە ساڵی ١٩٤٧ دا دابەشبوونی جووەکان لە باکوری ئێراقدا بەم جۆرە دیاریدەکەن: ٣١٠٩ جوو لە پارێزگای هەولێر، ٤٠٤٢ جوو لە پارێزگای کەرکووك، ١٠٣٤٥ جوو لە پارێزگای موسڵ، ٢٢٧١ جوو لە سلێمانی، ٢٨٥١ جوو لە پارێزگای دیالە، کە بەشێوەیەکی گشتی ٢٢٦٨٢ کەس لەو جووانە لە نێوچە کورد نشینەکاندا ژیانیان دەگوزەراند[٢٥].

سەبارەت بە دەستپێکی کۆچی جووەکان بۆ زێدی خۆیانو هەڵکەندنو بەتۆپزی ڕاگواستنیان، دیارە لە دەستپێکی سەدەی شازدەهەمدا جوو بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە فەلەستین بوون. بەدرێژای سێ سەدەی داهاتوو

[١٨] Sergey Minasian:op,cit,p١٨.

[١٩] Galletti M. Kurdistan: A Mosaic of People // Acta Kurdica: The International Journal of Kurdish and Iranian Studies. Vol.١, ١٩٩٤, p.٤٣.

[٢٠] Sergey Minasian:op,cit,p١٨.

[٢١] مأمون كيوان : م ، س ، ص٢١.

[٢٢] صادق حسن السوداني : م،س، ص ٩ .

[٢٣] ئیسحاق کوڕی زەڤی، دووەم سەرۆکی ئیسرائیل ئاماژە بە بەرفراوانی جووەکان دەکات لە کوردستانداو دەڵێت کە لە زاخۆ ، سلێمانی، موسڵ، نسێبین، ئورفە، هەولێر، کەرکورك، ورمێ، چەقیلە، عەمادیە، نیشتەجێ ببوون. (شلۆمۆ نکدیمۆن: م، س، ص٢٢).

[٢٤] ن، م، ص٢٥.

[٢٥] Patai R. Preface, in: Brauer E. The Jews of Kurdistan. Completed and Edited by R. Patai. Wayne State University Press, Detroit, ١٩٩٣, p.١٦.

لەو رابردووەوە هیچ ئاماژە یاخۆ راپۆرتێك لەمەڕ کۆچی جوو لە کوردستانەوە بۆ فەلەستین بەر دیدە ناکەوێ[٢٦]. ئیسحاق زەڤی [٢٧] پێی وایە: " کۆچی جووەکانی کوردستان بۆ ئیسرائیل پێدەچێت لە سەدەی شازدەهەمەوە بووبێت، پێشەنگی ئەوانەی کە گەیشتنە جێ لە شوێنێك بەنێوی (سەفەد) نیشتەجێ بوون. دواتریش ئەوانەی کەهاتن لە (متەسەفیە) نیشتەجێ بوون". تاوەکو پرۆسەی (عیزراو نەحامیە)[٢٨] لە سالأنی پێکەوەنانی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئیدی جووەکانی کوردستان دەستیان کرد بە کۆچکردن بۆ ئیسرائیل[٢٩].

بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم تاوەکو دەستپێکی سەدەی بیستەم کۆچی جووەکان فرە بەهێواشیی بوو، تا ئەوکات زێدەتر فاکتەرە ئابوورییەکانو کاروباری بازرگانیی شوێنی لە کۆچی جووەکانی کورد بۆ هیندستانو رۆژهەلاتی دوور هەبوو. بەلأم لێرە بەدواوە بەهۆی بەستنی کۆنگرەی جیهانی زایۆنیزم لە سویسرا لە (٣١ی ئابی ١٨٩٧)ز لەلایەن (تیودۆر هرتزل)، یەکێك لە ئامانجەکانی کۆنگرەکە کۆبوونەوەی جووەکانی جیهانو دروستکردنی کیانێکی نەتەوەیی بوو لە ئیسرائیل[٣٠].

لێرەوە لە تەواوی وولأتانی جیهان دەستیان کرد بە پروپاگەندە کردن بۆ بزووتنەوەی زایۆنیزم، هەر بۆ ئەم مەبەستەیش تیودۆر هرتزل (١٨٦٠ ـ ١٩٠٤)ز داوای لە سوڵتان (عەبدول حەمیدی دووەم)ی عوسمانی (١٨٧٦ ـ ١٩٠٩)ز کرد کە دەرگا بکاتەوە لەبەردەم جووەکانی عێراق و کوردستان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل، بەلأم سوڵتان رازی نەبوو[٣١].

بزووتنەووەی زایۆنی بەردەوام بوو لە پڕوپاگەندە کردنو هاندانی کۆچی جووەکان، سەرەتاو لەنێوان ساڵی (١٩١٤ ـ ١٩١٩)ز پروپاگەندەی زایۆنی لەسنوورێکی تەسکدا بوو، لەم ماوەیەدا (٧٩٨٨) خێزانی جوو ، کەزۆربەیان خەڵکی کوردستان بوون، گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل[٣٢].

پاش ساڵی (١٩٢١)ز بزووتنەوەی زایۆنی دەورێکی باشی لەهاندانی کۆچی جووەکان بینی. ئەمەش بەهۆی دامەزراندنی لقێك لە ( ئاژانسی زایۆنی)، ئەم لقە لەلایەن کەسایەتییەك بەناوی (هارون ساسۆن معلم) دامەزرا، ئامانجی وابەستەکردنی جووەکانی کوردستان بوو بە زێدی راستەقینەی خۆیانەوە . ئەم کەسایەتییە توانی زۆربەی جووەکانی ئێراق و کوردستان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ[٣٣].

دیارە جووەکانی کورد لەلایەن سەرانی ئیسرائیلەوە بایەخی تایبەتیان هەبووەو مەبەستیان بووە بەکاریانبهێنن بۆ چالاکیی تایبەت بە خۆیان. هەربۆیە بە ئامانجی کۆچپێکردنیان بۆ ئیسرائیل، نێردراوانی کۆبوونەوەی

---

[٢٦] Sergey Minasian:op,cit,p١٩.

[٢٧] اسحاق زەڤی(١٨٨٤ ١٩٦٣) مێژوونوسو رێبەرێکی دیاری جووەکانی ئیسرائیلەو دووەم سەرۆکی ولأتەکەیەتی کە لە ساڵی ١٩٥٢ ١٩٩٣) ز درێژەی کێشا، بەرەرچەڵەك ئۆکرانییە).
Yitzhak Ben-Zvi /http://www.mfa.gov.il/mfa/aboutisrael/state/pages/yitzhak٪٢٠ben-zvi.aspx).

[٢٨] عیزراو نەحامیە ، لە ئەدەبیاتی جووەکاندا ئاماژەن بە دوونوسراوی کتێبی عەهدی کۆن، کە جەخت لەسەر گەڕانەوەی جووەکان دەکاتەوە لە بابلەوە بۆ ئۆرشەلیم.( مقدمە سفر نحمیا والسفار التاریخیە بعد السبی:-http://st-takla.org/pub_Bible-Interpretations/Holy-Bible-Tafsir-٠١-Old-Testament/Father-Antonious-Fekry/١٦-Sefr-Nahamia/Tafseer-Sefr-Nehemiah__٠٠-introduction.html

[٢٩] وەرگیراوە لە: شلۆمۆ نکدیمۆن: م، س، ص٣٢.

[٣٠] اسامة محمد ابونحل: یهودیة دولة اسرائیل، مجلة جامعة قدس المفتوحة للدراسات‌ءالابحاث، عدد ٢٣، حزیران ٢٠١١،ص ٢٩٨ : صدیق صاڵح : (گەڕەکی جووەکان لەکۆمارێکی کۆنی (شارەوانی سلێمانیدا) ، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە(١٤) کانوونی یەکەم ،ل١٠٧ .

[٣١] فاضل البراك : المدارس الیهودیة وألأیرانیة فی العراق، دراسة المقارنة، الطبعة الثانیة، بغداد ١٩٨٥ ، ص٦٣.

[٣٢] سدیق ساڵح: س، پ، ل١٠٧.

[٣٣] هـ، س، ل١١١.

جووەکان لەسەرەتای ئینتیدابی بەریتانیا لە ئێراق، پێوەندییەکانیان لەگەڵ جووە کوردەکان چڕکردووەتەوە. یەکێك لە سەرۆکی ئەو نێردراوانە( رۆبین شیلۆح) بوو، کە گەورە کارمەندی بەشی سیاسەتی ئاژانسی جوو بوو، هاوکات دامەزرێنەری دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی بوو بۆ کاروبارە تایبەتییەکان. ئەو لە یەکەم سەردانیدا بۆ کوردستان (١٩٣٤)ز لەتەك جووە کوردەکان کۆبووەتەوە. هاوکات ساڵی (١٩٤٢)ز (مائیر میریدۆر) وەك نێردراوی مۆساد سەردانی کوردستانی کردووەو بەوردی رەوشی جووەکانی هەڵسەنگاندووەو زەمینەی کۆچکردنی بۆ رەخساندوون[٣٤].

بەم جۆرە  لە (١٩٠٠)ز تاوەکو ( ١٩٢٦)ز  نێزیکەی ١٩٠٠ جوو لە کوردستانەوە کۆچیانکردووە بۆ فەلەستین، هەروەها لە ( ١٩٣٥ )ز نێزیکەی ٢٥٠٠  جووی تر کوردستانیان جێهێشتووە.  لە کۆتایی سییەکانیشدا هەندێك لە جووە کوردەکانی شورەوی لە رێگەی تورکیاوە توانیان کوردستان بەجێبهێڵن‌و روو لە فەلەستین  بنێن[٣٥].

لەگەڵ هەڵایسانی ئەو جەنگەی کەنێو دەبرێت بە جەنگی فەلەستین یاخۆ جەنگی ئیسرائیل لە پێناو سەربەخۆییدا لە (١٩٤٨-١٩٤٩) ز دا ئیتر جووەکان کەوتنە ژێر چەوساندنەوەی حکومەتە عەرەبییەکانەوە .

بۆنموونە کۆمەڵگەی جوونشینی ئێراقی لەو مێژووە بەدوواوە خۆی لە بارودۆخێکی دژوارو دەردناکدا دییەوە، ناچار قۆناغی جێهێشتنی وڵات بەشێوەیەکی زۆر خێراو تۆپزی لەنێو واندا دەستی پێکرد[٣٦].

بەکورتی جووەکانی کوردستان بە دوو شەپۆلی گەورە کۆچیان کرد بۆ زێدی خۆیان. یەکەمیان لەناوەڕاستی سیەکاندا بوو، دووەمیان لەساڵانی (١٩٥٠ ـ ١٩٥١)دا بوو، ئەوەیش کاتێك بوو کە  حکومەتی ئێراق بەڕەسمی رێگەی بە جووەکان دا بەرەو وڵاتی خۆیان کۆچ بکەن و تەنانەت بڕیاری دەرکرد ئەو جووانەی ئێراق بەجێ دەهێڵن بۆیان نییە هیچ شتێك لە ماڵ و سامان لەگەڵ خۆیان بەرن.[٣٧]

بەمجۆرە لە (١٩٤٨ ـ ١٩٥٤) ز ژمارەی ئەو جووانەی کە لە ئێراق و کوردستانەوە گەڕانەوە بۆ ئیسرائیل بە (١٢٥.٨٩٦) تۆماریان کردوون[٣٨].ئەوان زۆرترینیان لە ماوەکانی (١٩٤٨_١٩٥٢)ئێراقیان بەجێهێشت‌و رویانکردە کیانە ساواکەیان.

 سەبارەت بەڕەوشی مانەوەیان لە ئیسرائیل، ئەوا بەگوێرەی سەرچاوەکان  جووە کوردستانییەکان لە ئیسرائیلدا بەردەوام ژیانێکی گۆشەگیریان هەبوو، ئەمەش هۆکاری درێژەدان‌و مانەوەی کلتورو زمان‌و بۆنە کوردییەکان بوو لەنێویاندا. ئەوان لە ئیسرائیلی نوێدا تایبەتمەندییان هەبوو، بەشێکی دیاری کۆمەڵگەی ئیسرائیلی بوون کە دابەشببوون بەسەر گەلێ لە شارەکانداو  نێزیکەی ١٢٠ بۆ ١٣٠ هەزار جوو دەبوون .

ئەوانە یەکێك لە کۆنترین گروپە پەڕاگەندەکانی جوو بوون کە لە پێناو ئیسرائیلدا وڵاتیان بەجێهێشت‌و تێکەڵ بە بیروراکانی زایۆنیزم بوون، ئەوان لە پاش دامەزراندنی کیانی ئیسرائیل گرنگییەکی ئێجگار مەزنیان هەبوو، بەتایبەتی لە تەنگژەو نائارامییەکاندا کە کۆمەڵگەی ئیسرائیلی لە پاش هەوەڵ جەنگی عەرەب ئیسرائیل ئاڵنگاری ببوو. لەواندا تەنها ٥٠٠٠ جوو ئەوەیان دایە دوواوە کە ئێراق‌و بەشێوەیەکی سەرەکی باکوری ئێراق

---

[٣٤] شلۆمۆ نکدیمۆن: س، پ، ل٣٤،٣٣.

[٣٥] Sergey Minasian:op,cit,p١٩.

[٣٦] Sachar H.M. A History of Israel: From the Rise of Zionism to Our Time. New York, ٢٠٠٠, p.٣٩٨-٣٩٩.

[٣٧] شاکر فەتاح : کۆمەڵە رۆژنامەی چەمچەماڵ، زنجیرەی ژمارە (٢٥٠) ١٩٨٣،   ل ١٣ .

[٣٨] بکر حەمە صدیق عارف : لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە، چاپی یەکەم ـ ١٩٩٧،   ل٢٧ .

بەجێبهێڵن، دیارە ئەوەیش لە پێناو چەند هۆکارێکی جۆراو جۆردا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر مەترسی تۆڵە سەندن لێیان، زۆر ترینیان لە پاش جەنگی شەش رۆژەی ١٩٦٧ بەچەندین رێو رێچکەی جیاواز توانیان وڵات بەجێبهێڵن[٣٩].

بۆ ئەم مەبەستەیش هێڵی ئاسمانی ئیسرائیلی لەسەر ئاستێکی فرە فراوان توانی نێزیکەی ١١٣ هەزار جوو لە لەمانگی ٥ی ١٩٥٠ تا مانگی ١٢ی ١٩٥١ لە ئێراقەوە بەرەو ئیسرائیل رابگوێزێت.

لەلایەکی ترەوە هەندێك جووی ئێراقی کە زۆربەیان کورد بوون لە رێگەی وڵاتی تورکیاو ئێرانەوە توانیان ئێراق بەجێبهێڵن. بەم نەزمە تێکرای جولەکە کۆچەرەکان لە ئێراقەوە خۆی دا لە ١٢١ هەزار جووی پەنابەر.[٤٠]

**باسی دووەم: زەمینەکانی دروستبوونی پێوەندی کوردو ئیسرائیل**

پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل پێوەندیگەلێکی ئاڵۆزن. بۆ هەڵدانەوەی ئەو پێوەندییانە پێویستە جیاوازی لەنێوان چەند بوارێکی پێوەندییەکان بکەین، پێوەندی خەڵك و خەڵك وەك جۆری پێوەندییە فەرمییەکان نییە. هەروەك پێوەندی کوردی ئێراقو تورکیا چۆن پێوەندیگەلێکی نهێنیو ئاشکران، ئەوانیش بەو جۆرە شرۆڤەیان بۆ دەکرێت. دیارە بەبەراوردکردنێك لەنێوان کوردو جووەکان گەلێ هاوشێوەیی نومایان دەبێت. تا ئەندازەیەك هەردوو لا دوو نەتەوەی بچوکن. هەردوو لایش بەهۆی بندەستکردنو جەنگەکانەوە دووچاری گەلێ ناسۆریو جینۆسایدو گێرەو کێشە بوونەتەوە لە مێژوودا. هەردوو لا خەباتیانو نەبەردییەکانیان لەپێناو مانەوەی شوناسی تایبەتی نەتەوەییاندا بووەو هەردوولا بەردەوام لەمافی بوون بەدەوڵەتو بوونی کیانی سەربەخۆدا رێو شوێنە یاساییو نەریتییەکانی سەردەمیان لێداماڵراوە .

کوردو جووەکان لەرووی نەتەوەییەوە لە دراوسێکانیان لەوانە عەرەبو تورکو فارس جیاوازن، ئەو نەتەوانەی کە زۆرینەی خەڵکی ئاسیای نێوەڕاست پێکدەهێنن. شیاوی باسە لەم دواییانەدا کۆڵینەوەکان پێوەندی جێنەتیکی نێوان جووەکانو کوردیان بەجۆرێك خستە روو کە زۆر لەپێوەندیی جێنەتیکی نێوان جووەکانو عەرەب روونو رەوانو نێزیکتر نومایان دەبوو[٤١].

ئێستەکانێ توێژینەوەی ئامادەکراو بەکەڵك وەرگرتن لەدووایین دەستهاوردەکانی زانستی بۆماوەزانی مرۆڤو بەکەڵك وەرگرتن لەتێکڕای تیۆرو تواناکان ئەنجامدراوە، کە تێیدا بەکارهێنانی وردترین ئامرازو ئاکار خوێندنەوەی بۆکراوە. بەگوێرەی توێژەران. کوردو جوو دارای پێشینەو باپیرانێکی هاوبەش بوونو لەنێوچە سنورییەکانی نێوان ئێراقی ئێستەکانیو تورکیەدا نیشتەجێبوون .بەپشتبەستن بە تیۆرەکانی هەموو ئەو نووسەرانە جووەکان بە زۆری پێوەندیی خزمایەتی لەتەك کوردەکاندا ناشارنەوەو تاڕادەیەکیش ئەرمەنیو ئیتاڵییەکان لەتەوەری وابەستەگی هامخوێنیاندا دادەنێن، بەگوێرەی بیرورا سەلمێنراوەکان جووەکان لە باکووری رۆژهەڵاتی دەریای سپی نێوەڕاستەوە پێدابوونو هەڵتۆقیوون[٤٢].

---

[٣٩] Sergey Minasian:op,cit,p٢٢.

[٤٠] Sergey Minasian:op,cit,p٢٣.

[٤١] Ofra Bengio: Surprising Ties between Israel and the Kurds, Middle East Quarterly, SUMMER ٢٠١٤ , VOLUME ٢١: NUMBER ٣, P ٦.

[٤٢] Oppenheim A. The Y Chromosomes Pool of Jews as Part of the Genetic Landscape of the Middle East // The American Journal of Human Genetics, N.٦٩ (٥), November

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بە چاوپۆشی لە راستو دروستیی زانستییان دیسانەوە پیشاندانی نموونەیەکی ترن لە پێوەندییەکانی کوردو جوولەکە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو.

لەراستیدا ریشەی قوڵی مێژوویی پێوەندییەکانی کوردو جوو لەپاش دامەزراندنی قەوارەی جوو بایەخێکی ئەوتۆو تایبەتی لەبەرامبەر هەموو گەشەکردنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێزیکو ناویندا بەدەستهێناوە [٤٣].

زۆربەی بوارەکانی کلتورو فەرهەنگی کوردو جوو بەتەواوی ئاوێزانی یەکتریی بوون، بە جۆرێك لە داستانو ئەفسانە باوەکانی جوو دا ریشەو نەژادی کورد وەك جوو لەپێشچاو دەگیرێت. هەندێك پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن کە کورد سەربەیەکێك لە هۆزە جیابووەکانن لە ئیسرائیل یاخۆ رەسەنی کوردەکان پێوەندیدار دەکرێت بە سولەیمان پێغەمبەرەوە [٤٤].

جووە کوردەکان زیاتر لێبووردەییو بواری تێکەڵیو هاموشۆی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ موسڵمانەکان هەبوو. تەنانەت بەدرێژایی چەندین دەهە ژیان لە ئیسرائیلدا، جووە کوردەکان ئەوینو عیشقیان بۆ وڵاتی دایك لاوازی بە خۆیەوە نەبینی . هەبوونی سەرچاوەیەکی سەرەکی مەعریفەو زانیاریی لەسەر دیمەنە سیاسییە کوردستانییەکان، هۆکارێك بووە تا جووە کوردستانییەکان هەمیشە دارای رۆڵێکی ئێجگار گرنگ بوونە لە رامیاری ئیسرائیلی پێوەست بە کوردەکان. لە هەموو ئەگەرێکدا لە ئیسرائیل تەنها فاکتەری رەگەزیو سیاسیی کوردیی نرخێنراوە، ئەویش بەهۆی رەچاوکردنی رەوشی باسکراوەوە بووە کە لە کۆتاییدا ئەم رەچاوکردنە بووەتە مایەی بایەخیووردو پێشکەوتنی ئەجێندای سیاسیی لە رامیاری ئیسرائیلدا. هەربۆیە ئەمەیش فاکتەرێك بوو تا قۆناغێکی نوێ لە پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل دەستی پێکرد . وەك دژایەتییەکانی کورد بۆ حکومەتی نێوەندی ئێراق لە شارۆچکەکانی باکووری ئێراقەوە، دوواجار ئەم رەوشە ملی کێشا بۆ خەباتی گەریلایی بەشێوەیەکی ئاشکرا دژ بە دەسەڵاتداریتی بەغدادو هاوکات ئاڵۆزییەکان بەرۆکی وڵاتانی دراوسێ وەك تورکیا، سوریا، ئێرانیشی گرتەوە [٤٥].

بەگەرانەوە بۆ کۆتایی سییەکان هەنگاوی هەوەڵ دروستکردنی پێوەندیی لەتەك کورد دا دێتە ئاراوە. دیارە ئەویش لە رێگەی ئەفسەرێکی خدمەی نهێنی زایۆنییەوەیە بەنێوی (رۆبین شیلیا). ئەو یەکێك بوو لە باشترینو دیارترین بیرمەندەکانی تیۆری ستراتیژی لاوەکیی. شیلیا لەژێر پەردەو بەپاساوی خوێندن لە قوتابخانەی عیبری لە بەغداد توانی تۆرێك رێکخستنی نهێنیو بەکرێگیراو لە دەورو خولی خۆی جەمکاتو دواجار پێوەندییان درووستکرد لەتەك بزووتنەوەی کوردیی لە هەرێمە کوردییەکانی باکوری ئێراقدا .

لە راستیدا ئەم پێوەندییە نهێنییە هۆکارێکی باش بوو بۆ قوتارکردنی جووەکانی ئێراق بەرەو فەلەستین لە رێگەی باکوری ئێراقو ئێرانو تورکیاوە .

هاوکات لە کۆتایی پەنجاکانو سەرەتا شەستەکانەوە ئیتر ئیسرائیل بووە سەرچاوەی یەکەمی کۆگای چەكو چۆڵو راهێنانی پێشمەرگەکانی کورد لە خەباتەکەیاندا دژ بە حکومەتی نێوەندی بەغداد [٤٦].

---

٢٠٠١, p.١٠٩ -١١١.

[٤٣] Sergey Minasian:op,cit,p٣٣.

[٤٤] Sabar Y. The Folk Literature of the Kurdistani Jews. Yale University Press, New Haven, ١٩٨٢.

[٤٥] Sergey Minasian:op,cit,p٣٣.

[٤٦] Sergey Minasian:op,cit,p ٣٤.

زەمینەی ئەم پێوەندییەیش جگە لە نێزیکیی مێژوو، خۆی لە رامیاری ئیسرائیلدا بینیوەتەوە، هەمیشە سیاسەتی ئاسایشی دەوڵەتی ئیسرائیل لە نێوچەکەدا بارستاییەکی سەرەکی ستراتیژی لاوەکی لەخۆدا بینیوەتەوە، کە موکوڕ بووە لەسەر پشتیوانیو هامکاری گەل‌و هۆزی نا عەرەب لە نێوچەکەدا [٤٧].

هەرچەندە پێویستە ئەوە رەچاوبکرێت کە پرەنسیپە بنچینەییەکانی ستراتیژی لاوەکی لەلایەن ئایدیۆلۆژیستەکانی زایۆنیزمەوە لە پێش دامەزراندنی قەوارەی ئیسرائیلەوە کاری لەسەرکرابوو، هاوکات پێوەندییە سیاسییەکانی رێکخراوەکانی جوو لەگەڵ کورد دا لە ساڵانی سییەکاندا دەستی پێکردبوو.

بەگەڕانەوەیش بۆ تیۆرەکانی (تیۆدۆر هرتزل)، ئەو لە ساڵی ١٩٠٤ ئەوەی خستبووە روو کە پێویستە قەڵەمرەوی جوو لە ( زەوییە بەڵێن پێدراوەکان) دا دروستبکرێت، ئەو قەڵەمرەوەیش بە بڕوای ئەو دەبوو لە میسرەوە تا فورات لە خۆ بگرێت. لە ٩-٧-١٩٤٧ یەکێك لە ئەندامانی ئاژانسی جووەکان بۆ فەلەستین بەنێوی (رابی فیسچمان) لە راپۆرتەکەیداو لە نێو دانیشتنێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەی ئاشکراکرد کە زەوییە بەڵێنپێدراوەکان درێژ دەبنەوە لە روباری نیلەوە تا رووباری فورات، لەوانە بەشەکانی سوریاو لوبنان لە خۆ دەگرێت .

لەم سۆنگەیەوە کورد لەنێو تورکیاو ئێرانو دووان لە دوژمنە سەرسەختو ترسناکەکانی ئیسرائیل کە سوریاو ئێراقن دابەشبوون، کەواتە بۆ کورد بایەخێکی تایبەتو گرنگ بۆ هەموو ئەو ئەجێنداو پلانانەی ئیسرائیل ئامادەکرابوو . هەربۆیە ئیسرائیل بەوردی لەرێگەی کەسایەتییە کوردەکانەوە هاوسۆزی ئیسرائیلی بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد نەدەشاردەوە. لەساڵانی ١٩٤٨ بۆ ١٩٤٩ کوردیش چالاکییەکی بەرفراوانی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بەخۆیەوە بینی ، یەکێك لەبەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل ئاماژە بەوەدەکات کە ئیسرائیل لەپشتی تەواوی ئەو چالاکییانەی کوردەوە بووە، ئەوچالاکیانەیش بریتیبوون لە پێوەندیکردنی کورد بەنەتەوە یەکگرتووەکانەوەو هاوکات بلاوبوونەوەی چەندەها وتار لە رۆژنامە دیارەکانی جیهان‌و دانان بەزمانی کوردیدا لە خوێندنگەی زمانە رۆژهەڵاتییەکانی پاریس‌و دەرچوونی فەرهەنگێکی کوردی فەرەنسی و کتێبێکی فێرکاری سەبارەت بەکوردو هاوکات دامەزراندنی سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی فەرەنسی لەپاریس، لەسەرووی هەمو ئەم چالاکیانەوە زوو زوو پرسی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەهاتە بەرباس[٤٨]. لەبەرامبەر هەوڵەکانی ئیسرائیلدا بۆ سەرنجراکێشانی نەتەوەی کورد، ولاتانی عەرەبیش بیریان لە پێوەندیی لەتەك کورد دا فەرامۆشنەکردبوو، لەگەڵ دروستبوونی ئیسرائیل‌و نەیارییەتی ولاتانی عەرەبی بۆ ئەو کیانە نوێیە، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیش کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی ولاتانی عەرەبییەوەو ئیسرائیلیان بە کیانێکی مەترسیدارو هەڕەشە دەزانی بۆ سەر رۆژهەلاتی ناوەڕاست. تەنانەت بارزانی ئامادەیی خۆیی‌و گشت

[٤٧] Nachmani A. Israel, Turkey and Greece: Uneasy Relations in the East Mediterranean. London, ١٩٨٧, p.١٥.

[٤٨] شلۆمۆ نکدیمۆن: س،پ،ل ٤٢.

هاورێکانی دەربڕیبوو تا نێوی خۆ تۆماربکەنو بچنە میسر [٤٩]، ئەوەیش بەمەبەستی بەرگریکردن دژی دەستدرێژییە سێ قۆڵییەکەی ساڵی ١٩٥٦ بوو[٥٠].

لەو دەمەدا بزافێکی سیاسیی بەرفرە لە سەر ئاستی هەموو نیشتیمانی عەرەب دەستی کرد بە بانگەشە بۆ بەدەستهێنانی یەکیەتییەکی عەرەبی یان هەر جۆرە یەکیەتیەکی عەرەبی لەسەر بناغەی کۆماری نەتەوەیی، بەتایبەتی پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٤ ، جەمال عەبدو ناسر  دەسەلاتی لەمیسر گرتە دەست، ئیتر بووە قیبلەنمای هەموو ئاواتو ئامانجو هیوای نەتەوەییەکانی عەرەب. جەمال عەبدول ناسریش پەی بەهەمان سیاسەتی ئیسرائیل بردبوو بۆ بایەخدان بەنەتەوە ناعەرەبەکان، هەربۆیە وەختێك شاندێکی کوردی لە ساڵی ١٩٥٧ سەردانی دەکەن، ناسر بەتەواوی پشتیوانی خۆی بۆ پرسی کەمینە نەتەوەییە ناعەرەبەکان ناشارێتەوە[٥١]. دوواجار لەم ستراتیژەدا ئیسرائیل گرەوە لە عەرەبەکان بردەوەو  عەرەب نەیانتوانی ببنە پشتیوانی کەمینە نەتەوەییە ناعەرەبەکان. لایەنێکی تری بایەخەکە پێوەندیی بوو لەتەك دەوڵەتەکاندا، کە دیسانەوە ئەو دەوڵەتانەیش وەك دوو وڵاتی ناعەرەب پێوەندیدار دەبوونەوە بە کوردەوە. بەبڕوای ژمارەیەك لە توێژەران  بە گەڕانەوە بۆ کۆتایی سییەکان ئەوە روونتر دەبێتەوە کە (دیڤید  غوریون) تیۆری بنچینەیی ستراتیژی لاوەکی یاخۆ تیۆری هاوپەیمانێتی دەورو بەری نەخشە کێشاوە. ئیتر لە دووای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل وەك یەکەمین هەنگاوی پرۆژەکەی ( غوریون ) مەبەستی بوو ئەم ستراتیژە پەرە پێبدات. بۆ ئەو مەبەستەیش بەوردی پێداگریکرد بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانیگەلێك لە بەرامبەر وڵاتانی عەرەبیدا هاتە ئاراوە، هەر بۆیە ئاڕاستەی هاوپەیمانییەکەیان روویکردە وڵاتانی ئێرانو تورکیاو ئەسیوبیا[٥٢].  هاوپەیمانێتی لەسەر بنەمای ئەم رامیارییە بەتەواوی کێچی خستبووە کەوڵی ئیسرائیل تاوەکو هەریەك لە سوریاو لوبنانو سودانو میسر لاواز بکات، وەڵێ ئامانجی سەرەکی هاوپەیمانییەکان بۆ لێدانی هێزو هەرەکەتی سیاسی ئێراق بوو. ئەوەیش بە ئامانجی لاوازکردنو کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی ئێراق بوو، هەربۆیە ئیسرائیل بەنەزمێکی نهێنی پێوەندییەکانی داڕشتبوو، لەو سۆنگەیەشەوە پێوەندی نێزیك لەتەك رێبەرانی بزووتنەوەی کوردیی کاری بۆ کرا، ئەم سیاسەتە لە ستراتیژی ئیسرائیلدا نموونەیەکی کاریگەربوو بۆ هەوڵەکانیان لە دامەزراندنی هەمان نەزمی پێوەندیی لەتەك کۆمەڵگەی قیبتییەکاندا لە وڵاتی میسر[٥٣].

هاوکات زەمینەیەکی تری پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل دیسان لەسەر تیۆری هاوپەیمانی ئیسرائیل بوو لەگەڵ وڵاتانی ناعەرەب، بەتایبەتی ئێرانو تورکیا. ئێران ساڵی ١٩٥٠ دانی نابوو بە ئیسرائیلدا، واتە لەپاش تورکیا دووەم وڵاتی موسڵمان بوو. وەڵێ پێش ئەو دانپێدانانە مۆساد چالاکی بەرفراوانی لەسنووری ئێران هەبوو،

---

٤٩مەسعود بارزانی : بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ١٩٣١ ١٩٥٨، کتێبی سێهەم، و:سەعید ناکام، چاپخانەی دهۆك، دهۆك،١٩٩٨، ل٢٠١٣.

[٥٠] هێرشی سێ قۆڵی ئیسرائیل، بەریتانیا، فەرەنسا بۆ میسر، مەبەست جەنگی ساڵی ١٩٥٦ نێوان ئیسرائیلو میسرە، کە ئیسرائیل بە رێبەرایەتی سەرۆك ئەرکانی سوپا موشیە دیان توانی لەماوەی سەد کاتژمێردا دەستبگرێت بەسەر بیابانی سینا داو سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.(موقع وزارة الخارجية الإسرائيلية: حملة سيناء (حملة كَادِيش) ١٩٥٦/

http://mfa.gov.il/MFAAR/InformationaboutIsrael/TheHistoryOfTheJewishPeople/WarsOfIsrael/Pages/sinai٪٢٠campain.aspx

[٥١] گوینتەر دێشنەر: کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، بلاۆکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، ل٢١١.

[٥٢] شلۆمۆ نکدیمۆن: س،پ، ل٤٢.

[٥٣] Sergey Minasian:op,cit,p٤٢.

هەر لەوێوە هەزارەها جووی ئێراقو کوردی گواستبوویەوە، جگە لەوەیش ئاژانسی جوو، تۆڕی فێرکردنی جوو، چالاکی بەرفراوانیان لە ئێران دەستدابوویە. بن گۆریۆن پاش چەند مانگێك دەستی دایە بیرۆکەی هاوپەیمانی هەرێمایەتی کە جەخت لە هاوکاری ستراتیژی و هەوالگرییو ئابووری نێوان ئیسرائیلو سێ وڵاتی ناعەرەبی ئێرانو تورکیاو ئەسیوبیا دەکاتەوە. ئەم بیرۆکەیە بەتایبەتی بۆ ئاڵنگاریی بیرۆکەکەی جەمال عەبدو ناسر بووکە دەیەویست خۆرهەڵاتی ناوین لەسەر بنەمای یەکێتی عەرەبی و بۆ پتەوکردنی لەنێوان سێ وڵاتی ناوبراودا دەستی پێکردبوو[٥٤].

هاوکات لێك نێزیکبوونەوەی سوریاو ئێراقیش زەمینەی زیاتری بۆ دەستتێکەڵکردنی کوردی ئێراقو ئیسرائیل رەخساند، چونکە هەردوو رژێمی بەعسیی عەرەبی سوریاو ئێراق مژوڵی ئەوە بوون تا ببنە یەك وڵاتی سەربەخۆو یەك بگرن، ئەوەبوو لە هەوەڵ هەنگاودا ساڵی ١٩٦٣ رێکەوتنێکی سەربازییان لە دیمەشقدا واژۆ کرد، بە گوێرەی ئەو رێکەوتنە بریاردرابوو کە سوپایەکی یەکگرتوو لە نێوان هەردوو هێزەکانی ئێراقو سوریادا پێکبهێنرێت[٥٥].

لەسەر ئەم زەمینەیە بوو سەرکەوتنەکانی کوردی ئێراق لە خەباتەکەیاندا دژ بە رژێمی بەغداد سەرنجی خزمەتگوزارییە تایبەتەکانی ئیسرائیلی راکێشا، کە ئەوانی وەك هاوپەیمانێکی کارا لە پێشچاوگرتبوو لە خەباتەکەیاندا دژ بە سوریاو ئێراق کە بە سەرسەختترین دوژمنی ئیسرائیل لەقەڵەم دەدران لە نێوچەکەدا، هەربۆیە بە کۆتایی هاتنی پەنجاکان. بەلەپێشچاوگرتنی کەمینە کوردییەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا، قەوارەی ئیسرائیل شوێن پێی سیاسەتێکی هەڵگرت کە لە قۆناغەکانی دواتردا بە ستراتیژی لاوەکی نێوزەد کرا[٥٦]. لەبەرامبەر ئاتاجی ئیسرائیلیش بۆ پشتیوانی کوردەکان هەوڵی سیاسیو رۆشنبیرە کوردەکانیش رۆڵی مەزنی گێڕا، بەتایبەتی لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولدا ، کامەران بەدرخان[٥٧]، ئیبراهیم ئەحمەد، عیسمەت شەریف وانلیو لەسەرووی هەموویانەوە مەلا مستەفای بارزانی[٥٨] رۆڵی مەزنیان گێرا لە بیرخستنەوەی ئیسرائیل لەوەی بەرژەوەندی هاوبەش لە پشتیوانیی کردنی یەکتریدا دژ بە رژێمی ئێراق بوونی هەیە[٥٩]. عیسمەت شەریف وانلی یەکێك بوو لە دانوستکارانی دەستپێکی پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل. ناوبراو لەیاداشتەکانیدا باس لەوەدەکات پاش ئەوەی شۆڕشی کوردی دووچاری قەمتو قەڵسی ببوویەوە پێشنیازی کردووە بۆ مەلاموستەفای

---

[٥٤] شلمۆ نکدیمون:م،س، ص ٩٩،٩٨.

[٥٥] Sergey Minasian:op,cit,p٤١.

[٥٦] Sergey Minasian:op,cit,p٤٨.

٥٧کامەران بەدرخان لە خانەوەدەی مەزنی بەدرخانەکانەو چەندین بەرهەمو چالاکی دیاری پێشکەش کورد کردوون، لە ١٩٤٨دا وەڤدی کوردی لە ژێر بەڕێوەبەرێتی (کامەران بەدرخان)دا بوو" . ئەندامانی وەفدی کوردی لە دانیشتنی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە پاریس، یادخەرەوەیەکیان لەسەر کێشەی کورد خوێندەوە، کە باسی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرد . هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ . ١٩٥٠ لەلایەن کامەران بەدرخانەوە (بیولوتێنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی) بڵاوکرایەوە، کە هەموو هەستو بیرێکی کوردایەتی لە باکووری کوردستان لەم قۆناغەدا لە ژێر کاریگەری ئەو جموجوڵە فەرهەنگییەدا بوو، یەکەم کەسایەتی کورد بوو بە جدی هەوڵی دروستبوونی پەیوەندی کوردو ئیسرائیلی دەدا .( نورالدین زازا : حیاتی ککوردی، ت: خسرو بوتانی، گ١، اراس، أربیل، ٢٠٠٨، ل ١١٠، ١١٥) .

٥٨عیسمەت شەریف وانلی ١٩٢٤ لەدایکبووە، نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بوو لە ئەوروپا، هاوکات بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لە لۆزانی سویسرا پارێزەربووەو دواتر سەرۆکی رابیتەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەوروپاو لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ باڵوێزی ئیسرائیل چەندین کۆبوونەوەی کردووە بۆ بەدەستهێنانی کۆمەك بۆ شۆڕش.( مایکڵ گانتەر: فەرهەنگی کوردی، و.مامکاك، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧" شلۆمۆ نکدیمۆن:م،س،ص ٩٠).

[٥٩] شلۆمۆ نکدیمۆن:م، س ، ص ٩٠.

بارزان تا رێگەی پێبدات لەتەك ئیسرائیلییەکاندا دانوستان بکاتو داوای هاریکارییان لێبکات. ئیتر دووابەدووای رازیبوونی بارزانیو بەهاریکاری دەزگای هەوالگریی ئێرانییەکان عیسمەت شەریف دەچێتە ئۆرشەلیمو لەتەك سەرۆك وەزیران (لیڤی ئشكۆك) کۆدەبێتەوەو هەروەها چاوی بەسەۆکی پارتی کار (شەمعۆن پێرێز)یش دەکەوێت. دروست پاش ئەو سەردانە ئیسرائیل نوێنەرگەلێکی هەمیشەیی خۆی دەنێرێتە کوردستان[٦٠].

تەنانەت مەترسی خاڵی هاوبەشی نێوان کوردو ئیسرائیل فاکتەرێك بوو کە لەساڵی ١٩٦٦دا وەزیری بەرگری ئێراق، (عەبدولعەزیز عەقیلی) بەوە پلاری لە کوردانی ئێراق گرت کە گەرەکیانە لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا ئیسرائیلی دووەم دابمەزرێنن. هەروەها ناوبراو ئەوەی دووپاتکردەوە کە هەریەك لە خۆرئاواو رۆژهەلات کاردەکەن تا ئیسرائیلێکی نوێ لە باکوری ولاتەکەیدا دروستبکەن، دروست وەك ئەو ولاتەی کە ساڵی ١٩٤٨ لە ئیسرائیلدا دایانمەزران .

هەروەها وتیشی ئەمە دروست هەمان هەنگاوەکانی دووبارە بوونەوەی مێژووە لە نێوچەکەدا . هاوکات بێژەرێکی تەلەفزیۆنی عەرەب بەئاشکرا ئەوەی خستە روو کە گەر بێتو رووداوێکی لەم جۆرە بقەومێت ئەوا پاش دوو دەیە لەو نەگبەتییەی فەلەستین کە رووبەڕووی عەرەب بوویەوە، دووەم نەگبەتی بەرۆکیان دەگرێت، هەربۆیە لە روانگەی ئەوانەوە هەموو ئەو پێوەندیو هاو چارەنوسییەی کوردو ئیسرائیل وەك دێوەزمەیەك پێناسە دەکرێتو مەبەستیانە پێوەندییەکانیان بە نا یاساییو بوونیان بە ناڕەوا شرۆڤەبکەن.[٦١]

کەواتە ئاکامی زەمینەی پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل لە میانی شۆڕشی ئەیلولدا خۆی لەم خالانەی خوارێدا بینیوەتەوە:

یەکەم: ریشەی مێژوویيو پێکەوەژیانی کوردو جوو بە درێژایی سەردەمە مێژووییەکان، ئەمە فاکتەرێك بوو تا کوردانی جوو لە ئیسرائیلدا، شوێن لەسەر پێوەندی کوردو ئیسرائیل دابنێن.

دووەم: بوونی دوژمنی هاوبەش لەنێوان کوردو ئیسرائیلدا کە بەتایبەتی خۆی لە ئێراق دا دەبینییەوە.

سێهەم: سیاسەتی دەرەکیی ئیسرائیل لە ستراتیژیی پێوەندیی لەتەك ولاتانی نا عەرەب لەرۆژهەلات بەتایبەتی ئێران، کە زەمینەی نێزیکبوونەوەی کوردو ئیسرائیل بوو.

## باسی سێهەم/ سەرهەڵدانی شۆرشی ئەیلولو دەستپێکی پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل

دوای بەرباپوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەلایەن عەبدولکەریم قاسمو ئەفسەرە ئازادیخوازەکانەوە کۆتایی بە رژێمی پاشایەتی (١٩٢١د١٩٥٨) هاتو سیستەمی کۆماری لەعێراق دامەزرا، بەوەش قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی کوردو عەرەب هاتەکایەوە[٦٢]، و چەند بریارو رێوشوێنێك لەبەرژوەندی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکرا[٦٣].

[٦٠] Ofra Bengio:op,cit, op,cit,p ١٠.

[٦١] Ofra Bengio:op,cit, p١٢.

[٦٢] جەلال تاڵەبانی: کوردستانو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی، ح–ا، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠١١، ل٢٨١–٢٨٣.

[٦٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە مێڤان عارف بادی: موقف الاحزاب السیاسیة العراقیة من القضیة الکوردیة (١٩٤٦–١٩٧٠)، الطبعة الاولی، مطبعة خانی، دهوك، ٢٠٠٨،ل١٦٤.

بەڵام زۆری نەخایاند لە ئەنجامی چەندین هۆکار پەیوەندی نێوان هەردوولا ساردی تێکەوتو تا دەهات زیاتر گرژ دەبوو، دواجار لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١دا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی لێکەوتەوە کەنزیکەی ١٤ ساڵ بەردەوامبوو[٦٤].

سیاسەتی حکومەتەکانی عێراقو نزیکبوونەوەیان لە جەمال عەبدولناسرو هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی عەرەبی، نیگەرانی وڵاتانی نا عەرەبی لەناوچەکەدا لێکەوتەوە، بەتایبەتی ئێرانو ئیسرائیل.[٦٥]بۆیە پەیوەندی بەسەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە دەکەن بە مەبەستی پێدانی کۆمەكو هاوکاریکردنی.

ئیسرائیل بایەخی ستراتیجی جیۆپۆڵەتیکی کوردستانو گرنگی شۆڕشی ئەیلولی دەزانی، بۆیە دوای هەڵگیرسانی شۆڕش دەستپێشخەری کردو. پەیوەندیان بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە کردو پئامادەیی ێشکەشکردنی یارمەتی سنورداریان دەربڕی[٦٦].

لە ساڵی ١٩٦٣ ئێرانو ئیسرائیل رێکەوتن لەسەر هەوڵدان بۆ لاوازکردنی حکومەتی بەعسی عێراق بە هاوکاریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە رابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی کە لەگەڵ دەوڵتی عێراقدا لە حاڵەتی جەنگدا بوو. کە بریتی بوو لە هاوکاری سەربازیو داراییو تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوامبوو[٦٧].

بێگومان لەدروستکردنی پەیوەندییەشدا هەریەك لەو دوولایەنە ئامانجو بەرژەوەندی خۆیان هەبوو. ئامانجو بەرژەوەندی ئیسراویل لەوەدابوو، سوپای عێراق یان بەشێکی بە شەری کوردەوە سەرقاڵ بکرێت نا لە کاتی روودانی شەر لەنێوان ئیسرائیلو وڵاتانی عەرەبیدا، عێراق نەتوانێت سوپا بنێرێت بۆ هێڵەکانی روبەرووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل[٦٨]. لە ئەنجامی ئەوەشدا ٤-٥ لەشکری سوپای عێراقی لە کوردستانی عێراقدا بە شەرەوە سەرقاڵ کردو زیانی قورسیشی پێگەیاند[٦٩].

لەلایەکی ترەوە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئیسرائیل کردنەوەی دەروازەیەك بوو بۆ کۆچکردنی جولەکەکانی عێراق بۆ ئیسرائیل، کە ئیسرائیل بۆ ئەو کۆچکردنە هانیدەدان[٧٠]. بۆیە لەبەرامبەر ئەو هاوکارییەی ئیسرائیل پێشکەشی کوردی دەکرد، یارمەتی جولەکانی عێراقیان دەدا لە هەڵاتنیان بۆ ئیسرائیل، ئەوەش بە فەرمانو سەرپەرشتی بارزانی بوو[٧١]. لەوەشدا ساواکی ئێرانی هاوکاری تێپەڕبوونی جولەکە عێراقیەکانی دەکرد پاش ئەوەی لە رێگەی کوردستانەوەو دەیانگەیاندنە شاری ورمێ، دواتر رێکخراوەکانی جولەکە هەڵدەستان بە گواستنەوەو نیشتەجێ کردنیان لە ئیسرائیل[٧٢].

---

[٦٤] بۆ زانیاری زیاتر بروانە ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستانو شۆرشی ئەیلول بنیاتنانو هەڵتەکاندن ١٩٦١–١٩٧٥، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی شێنێ، ١٩٩٨

[٦٥] نازناز محممەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق ١٩٦١–١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨، ل١٢٢.

[٦٦] مسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆرشی ئەیلول١٩٦١–١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢١٣–٢١٤.

[٦٧] کامران طارمی: تحلیلی بر سیاست های امنیت ملی ایران در قبال منطقة خاورمیانة در دوران حکومت محمد رضا پهلوی ١٩٦٢–١٩٧٩، ص ١٣٧.

[٦٨] مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.

[٦٩] کامران طارمی: مصدر پیشین، ص١٣٨.

[٧٠] ایوب بارزانی: الحركة التحررية الكوردية و الصراع القوى الاقليمية والدولية ١٩٥٨–١٩٧٥، دار نشر حقائق المشرق، جنيف، ص٥٢٣.

[٧١] شلومو نكديمون: الموساد فى العراق ودول الجوار انهيار الامال الاسرائيلية والكردية، ترجمة بدرعقيلى، الطبعة الثانية، دار الجليل للنسر، عمان، ٢٠٠٤، ص ٢٥٨.

[٧٢] ایوب بارزانی: مصدر السابق، ص٥٢٣.

بارزانیش لەو باوەڕەدا بوو کە قسەرۆشتوویی ئیسرائیل لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت لایەنگیری ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد دەستەبەربکات[٧٣]. هەروەك ئیسرائیل رۆڵێکی گەورەی بینی لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییەدا[٧٤].

یەکەمین پەیوەندی ئیسرائیل بە مەکتەبی سیاسی پارتیەوە لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا بوو[٧٥]، کاتێك بە فەرمانی شا، وەفدێکی چوار کەسی ئیسرائیلی بە سەرپەرشتی ساواكو لەلایەن عیسا پژمانەوە بە نهێنی هێنرانە باشوری کوردستانو چاویان بە مەلا مستەفا کەوتو لەلایەن بارزانیەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا[٧٦].

لە ساڵی ١٩٦٣دا حکومەتی ئیسرائیل لەنامەیەکدا کە بۆ مەلا مستەفای دەنێرێت داوای دامەزراندنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش ئیبراهیم ئەحەد چەند داواکارییەك دەخاتە بەردەم ئیسرائیل بۆ یارمەتیدانی شۆڕش لەوانە: دە هەزار تفەنگ، تۆپ، راجیمە، مین، دەزگای پەیوەندی، وێستگەیەکی بەهێزی ڕادیۆ، پارە، مەشق پێکردنی شارەزایانی تەقینەوەو تەکنیککاری رادیۆ.[٧٧]

هەر لە هەمان ساڵدا (١٩٦٣) پەیوەندییەکان بەرەو پێشچوونیان بەخۆوە بینی کە یەکێك لە هاوکارانی بارزانی پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە پاریس کردو داوای هاوکاری لێکردن[٧٨].ئەویش بەیەکگەیشتنێکی نهێنی جەلال تاڵەبانیو شەمعون پیرس بە میانگیری کامەران بەدرخان[٧٩].

پاش ئەوە وەفدێك بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامێتی عومەر مستەفاو عەزیز شەمزینی لەڕێگەی ئێرانەوە بۆ ئیسرائیل چوون، ئێران ڕێگەیەکی بۆ تێپەربوونی یارمەتی لە ئیسرائیلەوە بۆ شۆڕش بە خاکی خۆیدا کردەوە[٨٠].

لە لە کانوونی دووەمی ١٩٦٥دا عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری تایبەتی بارزانی لە دەرەوە سەردانێکی بۆ ئیسرائیل ئەنجامدا، لە میانەیدا توانی پشتیوانی ئیسرائیل لە پارەو چەك بە دەستبهێنێت[٨١]. ئەوەبوو لە ١٥ نیسانی ١٩٦٥دا حکومەتی ئیسرائیلی کۆبووەوەو بریاریدا بە پلەی یەکەم گرنگی بە کێشەی کورد بدات، و دوای چەند رۆژێك دەستکرا بە ناردنی چەند بارێکی چەك بۆ کوردەکان کرا، کە لەیەن موسادو لە رێگەی ئێرانەوەو هەوالگری ئێرانی (ساواك) ئەرکی گواستنەوەی گرتە ئەستۆ[٨٢].

لە ئایاری ١٩٦٥ دێڤید کەمحی (ئەفسەری موساد) بە نوێنەرایەتی حکومەتی ئیسرائیل بە سەردانێك گەیشتە کوردستانو دەستی کاروباری رێکخستن لەگەڵ شۆرش کردو، ناردنی یارمەتی سوپاییو تەکنیکی ئیسرائیل لە چوارچێوەیەکی سنورداردا دەستی پێکرد. هەرچەندە ئیسرائیل دەیتوانی زیاتر بنێرێت، بەڵام تەنها دەیانویست شەر لە کوردستان بەردەوامبێتو کۆتایی نەیەت ئەوەش لەپێناو بەدیهاتنی ئامانجی ئیسرائیل، تا سوپای عێراق

---

[٧٣] مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥.

[٧٤] ایوب بارزانی: مصدر السابق، ص ٤٣٩.

[٧٥] مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤؛ فاضل البراك: مصطفى بارزاني الاسطورة والحقيقة، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص٢٠٧.

[٧٦] عیسی پەژمان: نهێنیەکانی پەیمانی شومی ئەلجەزائیر ١٩٧٥، وەرگێرانی ناصری ئیبراهیمی، سوئید، ١٩٩٧، ل٧٦-٧٧.

[٧٧] شلومو نكديمون: مصدر السابق، ص١٠٠.

[٧٨] فاضل البراك: مصدر السابق، ص٢٠٨.

[٧٩] مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٤.

[٨٠] هەمان سەرچاوە.

[٨١] شلومو نكديمون: مصدر السابق، ص١١٦.

[٨٢] شلومو نكديمون: مصدر السابق، ص١٢٠.

لەکوردستان جێگیربێتو بەشەڕەوە سەرقاڵ بێتو لە بەرەکانی شەڕی فەلەستین دووربێت[٨٣]. لە ساڵی ١٩٦٥ەوە بەردەوام نوێنەرانی ئیسرائیل سەردانی کوردستانیانیان کردووە.[٨٤]

لەئەنجامی جێبە جێنەکردنی بەڵێنەکانی حکومەتو بە بنبەست گەیشتنی دانوستاندنەکانی نێوانیان لە نیسانی ١٩٦٥دا سەر لەنوێ شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراقیو کوردا هەڵگیرسایەوە،[٨٥] فوئاد الرکابی لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری (الکاتب المصری) ژمارە ٥ مایسی ١٩٦٥دا وتبووی: "سۆڤیەتیش هاودەنگ بوون لەگەڵمان لەسەر پەیوەندی بارزانی بە ئێرانو ئەمریکاو ئیسرائیلەوە و کارتێکەریان لە بارزانی بۆ شەڕ هەڵگیرسانەوە".[٨٦] هەرچەندە لەو کاتەدا پەیوەندی لەنێوان کوردو ئەمریکادا دانەمەزرابوو بەڵام پەیوەندی کوردو لەگەڵ ئێرانو ئیسرائیلدا بوونی هەبوو.

ئیسرائیل بە درێژایی ماوەی ١٠ ساڵ هاوکاری شۆڕشو بارزانی کرد کە بریتی بوو لە هاوکاری داراییو ئاڵوگۆری زانیاریو چەكو مەشق پێکردن، و کردنەوەی خولی جۆراوجۆری گەورەو بچووکی سەربازیو هەواڵگریو مەشقو ڕاهێنان لە کوردستانو ئیسرائیل لەنێوان ساڵانی ١٩٦٥-١٩٧٥ بەردەوامبوو[٨٧].

هەروەك دیڤید کەمحی سەردانی بارزانی لە حاجی ئۆمەران کردو لەسەر هاوکاری سیاسیو سەربازی ڕێکەوتن. کەمحی بەڵێنیدا هەموو پاڵپشتیەکی کورد بکات لەبەرئەوەی نیوەی سوپای عێراقی سەرقاڵ کردبوو، هەروەها ڕاوێژکارو ڕاهێنەری سەربازی بۆ بارزانی نارد، هاوکات چەند کەسێکی بۆ بینینی خولی ڕاهێنان لە ئیسرائیل نارد، هەروەك ئیسرائیل پشتگیری شۆڕشی کرد بە تۆپی دوورهاوێژو کاتیۆشا، کە هەندێکیان کەوتنە دەست حکومەتی عێراقیو لە ڕۆژنامە عێراقیەکاندا هەواڵەکە بڵاوکرایەوە. هەروەك حکومەت زانیاری هەبوو لەسەر بوونی وەفدی ڕاوێژکاری ئیسرائیلی لەلای بارزانی[٨٨]. لە ئابی ١٩٦٥ یەکەم خول بۆ ڕاهێنانی ئەفسەرانی کورد لە سەربازگەکانی ئیسرائیلی کرایەوە، کە ٣ مانگی خایاند بەناوی ڕەمزی (البساگ)[٨٩].

لە ئەنجامی بەرگریکردنی کوردان لە هێرشی سوپای عێراقی، حکومەتی ئیسرائیلی بڕیاریدا پشتگیری بۆ کورد زیاتر بکات، کە بەسود بوو بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئیسرائیل لە لاوازکردنی عێراق، بۆیە لە ٢٤ی ئایاری ١٩٦٦ وەفدێکی ئەمنیو سەربازی بە سەرۆکایەتی عیزر وایزمن، سەرۆکی شعبەی ئەرکانو بە ئەندامێتی هەریەك لە سەرۆکی موساد مائیر عمیت، و جێگری سەرۆکی ئەرکان، رحبعام زئیفی ، بە فڕۆکەیەك کە ٥ تەن چەکی هەڵگرتبوو گەیشتە تارانو چاوی بە شا کەوت، لەوێوە ساواك گواستنیەوە بۆ سنورەکانی باشوری کوردستانو بارزانی لە پێشوازییاندا بوو. هاوکات نوێنەری ساواك هاورێییەتی وەفدەکەی دەکرد کە چاودێری

---

[٨٣] مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.

[٨٤] ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١.

[٨٥] صلاح الخرسان: التیارات السیاسیة فی کردستان العراق قراءة فی ملفات الحرکات والاحزاب الکردیة فی العراق ١٩٤٦–٢٠٠١، الطبعة الاولى، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت، ٢٠٠١، ص ١٣٥؛ واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١–١٩٦٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٦٩.

[٨٦] وەرگیراوە لە ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣.

[٨٧] فاضل البراك: مصدر السابق، ص ٢١٦،٢٢٥.

[٨٨] شلومو نكديمون: مصدر السابق، ص١٢٠.

[٨٩] فاضل البراك: مصدر السابق، ص٢٠٨–٢٠٩.

هەموو شتێکیان دەکرد. هەرچەندە ئەوە مایەی تورەبوونی بارزانی بوو، لەبەر ئەوەی متمانە لەنێوان ئەو ئێرانیەکاندا کەمبوو[٩٠].

دوای دوو سەردانی نهێنی کە لیفی اشکوك سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلو وەزیری دەرەوە ابا ایبان لە حوزەیرانی ١٩٦٦دا بۆ تاران ئەنجامیدا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٦دا ئیسرائیل بریاریدا وەڵامی داواکارییەکانی بارزانی بداتەوە، لەبەر ئەوە اشکوك داوای لە جێگری وەزیری دارایی ئیسرائیل ارییە الیاف کرد بچێت بۆ کوردستان بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی[٩١].

ئەوە بوو هەر لە حوزەیرانی ١٩٦٦دا وەفدێکی تری ئیسرائیلی هاتە باشوری کوردستان کە پێکهاتبوون لە: حاییم لفکوف، و الیشع روئی و مقدو ارییە یغف، و بارزانی بە گەرمی پێشوازی لێکردن، هەرچەندە پێش گەیشتنیان حکومەتی عێراقی لە ٢١ ی حوزەیراندا کۆتایهاتنی جەنگی لە کوردستان راگەیاندبوو و وەفدێکی سەربازی هاتبوو بۆ لای بارزانی بۆ داواکردنی داوستاندن. بۆیە ئیسرائیلیەکان بارزانیان هاندا بە دانوستاندن رازی نەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمجار بوو ئەفسەرانی سوپای عێراقی داوای دانوستاندن بکەن، هەروەك لە تۆڵەی سوپا دەترسان، بۆیە ئەو دەرفەتەیان قۆستەوەو بە دانوستاندن رازی بوو[٩٢].

دوای کۆچی دوایی عەبدولسەلام عارفو هاتنەسەرکاری عەبدولرەحمان عارفی برایو دەستپێکردنی دانوستاندنەکانو پەسەندکردنی بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦[٩٣]، مەلا مستەفا لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێرانو ئیسرائیل بەردەوامبوو و وەفدی ئیسرائیلی لە کوردستان نەپچرا[٩٤].

لە ئەیلولی ١٩٦٦دا ارییە الیاف بە هاورێیەتی ٣ دکتۆر (د. اوری فرند، د. بیسح سیغل، پزیشکی ددان د. دوف ایتسکوفتس) سەردانی کوردستانی کرد، هەروەك ٣ پەرستاریش یاوەری بوونو لەگەڵ خۆیاندا نەخۆشخانەیەکی مەیدانی پێشکەوتوویان بە دیاری لە ئیسرائیلەوە هێنابوو، لە حاجی ئۆمەران دایانمەزراند[٩٥]، بارزانیش خەنجەرێکی کوردی بە (الیاف) دا بە دیاری بۆ سەرۆکی کنیستی سەهیۆنی (کاریش لوز) نارد[٩٦].

هەروەك بارزانی خواستی بوو لە بەردەوامی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بۆ گرەنتی پشیگیری کردنی لە خواستەکانی ئایندەی کە نەدەوەستا لەوەی حکومەتی عێراقی لە بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد پێیدابوو. لەبەرئەوە پێویستی بە دارایيو چەكو پشتگیری سیاسی بوو، هەروەها لەوباوەرەدا بوو کە ئیسرائیل دەیگەیەنێت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[٩٧].

هەر لەساڵی ١٩٦٦ بە هاوکاری موسادی ئیسرائیلی دەزگای هەواڵگری (پاراستن) دامەزرا، کە مەسعود بارزانی بەرپرسی بوو و خولی راهێنانی چڕوپڕیان لە کوردستانو ئیسرائیل بینیبوو[٩٨].

---

[٩٠] عمار علی السمر: شمال العراق ١٩٥٨–١٩٧٥ دراسة سياسية، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٢، ص ٣٠٩–٣١٠.

[٩١] مصدر النفسه، ص ٣١٤.

[٩٢] شلومو نكديمون: مصدر السابق، ص١٦٥–١٦٦.

[٩٣] واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧–٢٨٣.

[٩٤] شلومو نكديمون: مصدر السابق، ص٢٠١

[٩٥] عمار علی السمر: مصدر النفسه، ص ٣٠٩–٣١٠.

[٩٦] فاضل البراك: مصدر السابق، ص٢٠٩–٢١٠.

[٩٧] عمار علی السمر: مصدر النفسه، ص ٣١٥–٣١٦.

[٩٨] صلاح الخرسان: مصدر السابق، ص ١٦٠.

دە رۆژ بەر لە دەستپێکی شەڕ، لە ساڵی ١٩٦٧ نوێنەری حکومەتی عێراقی سەردان بارزانی دەکەن‌و داوای لێدەکەن لە کاتی ناردنی سوپای عێراق بۆ ئەردەن بۆ شەری عەرەب ئیسرائیل، هێزی پێشمەرگە هیچ چالاکییەك ئەنجامنەدات، هەروەها داوای لێدەکەن هێزێکی ٥ هەزار پێشمەرگەیی بنێرێت تا بچێتە پاڵ ئەو هێزەی عێراق، وەك بەڵگەی هاوکاری نێوان هەردوولا. سەبارەت بە داواکاری یەکەم بارزانی بەڵێنیان پێدەدات‌و دەڵێت: "لەوە دڵنیابن کەوا پێشمەرگە لەدژی سوپای عێراق هیچ ناکات". بەڵام دواکاری دووەمیان رەتدەکاتەوە[٩٩]. هەرچەندە ئیسرائیلیش داوای لێکرد بەرەیەکی جەنگی نوێ دژی عێراق بکاتەوە رێگری لێبکات لە ناردنی هێزەکانی بۆ بەرەکانی لەگەڵ ئیسرائیل[١٠٠].

دوای کۆتایهاتنی جەنگی شەش رۆژەی عەرەب- ئیسرائیل لەساڵی ١٩٦٧، ئیسرائیل کەلوپەلی سەربازی روسی لەسوپای وڵاتانی عەرەبی دەست بەسەرداگرت‌و بەشێك لەو چەکانەی لە لە رێگەی ئێرانەوە بە کورد دا . لەپاڵ ئەوەشدا ئیسرائیل راهێنانی سەربازی لەسەر خاکی ئێران بە کوردەکانی عێراق دەکرد و مانگانە ٥٠٠ هەزار دۆلاری بۆ خەرجی جەنگ لەگەڵ عێراق بە مەلا مستەفا بارزانی دەدا[١٠١].

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا گەیشتە لوتکە کاتێك بارزانی یەکەم سەردانی بۆ ئیسرائیل لە نیسانی ١٩٦٨دا، بە هاورێیەتی مەحمود عوسمان‌و شەمسەدین موفتی‌و چەند سەرکردەیەکی تر ئەنجامدا، لە میانەیدا چاوی بە سەرۆکی ئیسرائیل‌و سەرۆك وەزیران لیفی اشکوك، و وەزیری بەرگری موشی دایان، و سەرۆکی موسادو چەند کەسێکی تر لە بەرپرسانی ئیسرائیلی کەوت[١٠٢].

باسی چوارەم/ پەیوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل لەسەردەمی حکومڕانی پارتی بەعسدا:

دوای ئەوەی بەعسیەکان کودەتای ١٧-٣٠ /١٩٦٨/٧/ لە دژی عەبدورەحمان عارف ئەنجامداو دەسەڵاتی عێراقیان گرتەدەست[١٠٣]. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩ شەڕ لەنێوان حکومەتی عێراق‌و شۆرشی کورد دەستیپێکردەوە[١٠٤].

هەروەها ئیسرائیل لە پەیوەندی‌و هاوکارییەکانی بۆ کورد بەردەوامبوو، بەجۆرێك تەنها لە مانگی شوباتی ١٩٧٠دا دەوڵەتی ئیسرائیل‌و ئێران بەبرِی یەك ملیۆن‌و دوو سەد هەزار دیناری عێراقی (سێ ملیۆن‌و سێسەدو شەست هەزار دۆلاری ئەمریکی) یارمەتی بارزانییان داوە[١٠٥]. پاڵپشتی ئیسرائیل بە پلەی دووەم دەهات دوای ئێران، کە ئیسرائیل بەردەوام بوو لە پاڵپشتیکردنی جوڵانەوەی کوردی بە چەك‌و راوێژکاری سەربازی بۆ ٥ ساڵ بەپێی ٣ رێکەوتننامە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئێران[١٠٦].

کاتێك حکومەتی بەعس نەیتوانی بە رِێگەی سەربازی پرسی کورد چارەسەر بکات، بە ناچاری بیری لە رێگە چارەی ئاشتیانە کردەوەو پەنای بردە بەر دانوستاندن[١٠٧]، پاش دەستپێکرنی دانوستاندن‌و هاتوچۆی چەند

---

[٩٩] مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥.

[١٠٠] شلومو نکدیمون: مصدر السابق، ص١٩٧.

[١٠١] کامران طارمی: مصدر پیشین، ص١٣٧—١٣٨.

[١٠٢] شلومو نکدیمون: مصدر السابق، ص٢٠٥—٢٠٧.

[١٠٣] نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

[١٠٤] ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.

[١٠٥] وریا رەحمانی: شۆرشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠١٣، ل٢٤٥.

[١٠٦] عمار علی السمر: مصدر النفسه، ص٤٠٢—٤٠٣.

[١٠٧] نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

وەفدێك لەنێوان حكومەتی عێراق‌و سەركردایەتی شۆڕشی كوردا، دواجار  لە شەوی ١٠-١١/ ئازاری ١٩٧٠ دابەندەكانی بەیاننامەی ناسراو بە (بەیاننامەی ١١ی ئازار)[١٠٨].

بە پێی بەڵگەنامەیەكی نهێنی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریكا (CIA) لە رۆژی ٩ی ئازاری ١٩٧٠، رۆژی ٤و ٥ی ئازاری ١٩٧٠، سامی سنجاری‌و ئەمیر قاسمی (شەمسەدین موفتی) لە تاران لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل كۆبونەوەتەوە. كاربەدەستە ئیسرائیلیەكان نوێنەرە كوردەكانیان زۆر هاندا بۆ ئەوەی لە باشوری كوردستان شەڕ لەگەڵ بەغدا دەستپێبكەنەوەو بەڵێنیان پێدان ئیسرائیل چەكی دژە فرۆكەو تۆپ‌و هاوەنیان بداتێ. لە گفتوگۆكانی رۆژی دواتردا ئیسرائیلیەكان بەڵێنیاندا لە رێگەی ئێرانەوە تانك‌و پسپۆری بەكارهێنانی تانك بە كورد بدەن، بە مەرجێك دەبێت هێزەكانی پێشمەرگە هەوڵ بدەن دەست بەسەر لانیكەم دوو تانكی هێزەكانی عێراقدا بگرن بۆ ئەوەی وا نیشان بدرێت ئەو تانكانەی كە ئیسرائیل بە كوردی داوە، كورد خۆیان لە هێزەكانی عێراقیان سەندووەو دەستیان بەسەردا گرتووە[١٠٩].

دوای بەیانی ئازار سەركردایەتی شۆرشی ئەیلول پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئیسرائیل پاراست‌و هاوكار بوو لە هەڵاتنی جووەكانی عێراق بۆ ئیسرائیل، و بەردەوام بوو لە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیری ئەمریكی لەرێگەی میانگیری ئیسرائیلیەكانەوە[١١٠]. و بۆ یەكەمجار لە ساڵی ١٩٧١دا (تسفی زامیر) سەرۆكی موسادی ئیسرائیلی ئەوكات، سەردانی كوردستانی كرد بەمەبەستی رێكخستنی كاروباری راهێنەران‌و شارەزا سەربازییەكانی ئیسرائیل كە لە كوردستان كاریان دەكرد[١١١].

كاتێك لە ساڵی ١٩٧٢ یەكێیی سۆڤیەت كاری دەدكرد بۆ دروستكرنی بەرەیەك لە نێوان حزبی بەعس‌و شیوعی‌و كورددا (بەرەی نیشتمانی پێشكەوتنخواز) لە چوارچێوەی پاڵپشتی كردنی لە دەوڵەتی عێراق،[١١٢]دوای ئەوەی بە هەوڵ‌و فشاری یەكێتی سۆڤیەت حزبی شیوعی رازی بوو بەشدرای بكات لەو بەرەیەدا.[١١٣]

لەلایەكی ترەوە سۆڤێت لە هەوڵدا بوو فشاری دەخستە سەر پارتی تا ڕازی بكات بۆ بەشداری كردن لەو بەرەیەدا، بەڵام پارتی داواكەی سۆڤیەتی ڕەتكردەوەو بەشداری نەكرد.[١١٤] هاوكات ئیسرائیلیەكان هەوڵیاندا بارزانی رازی بكەن نەچێتە ئەو بەرەیەوە، بەوەی خۆراگرییان بەرامبەر ئەو سیاسەتەی سۆڤیەت دەبێتە هۆی گرنگیدانی ئەمریكا بە پرسی كورد، هەروەك بەڵێنی هاوكاری زیاتری ئیسرائیلی بۆ كورد دا بە چەك‌و مەشقی سەربازی لە باری هەڵگیرسانەوەی جەنگ لەگەڵ سوپای عێراقدا. جگە لەوەی كە بەڵێنیان بە بارزانیدا لەلای حكومەتی ئەمریكا لە بەرژەوەندی‌و گرنگیدان بە كورد كاربكەن[١١٥].

شاندی باڵای شۆڕشی كورد لە واشنتۆن لە (٣٠ حوزەیرانی ١٩٧٢) دا چاویان بە هەریەك لە (ریچارد هێلمز)ی بەڕێوەبەری (C.IA)و (ریچارد كەنەدی) یاریدەدەری (هنری كیسنجەر) لە ئەنجومەنی ئاسایشی

---

[١٠٨] بۆ ناوەڕۆكی بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، بڕوانە، ئیبراهیم جەلال: س. پ، ل ل٢٨٦– ٢٩٤" مەسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٣٤– ٣٤٢.

[١٠٩] وریا رەحمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٤.

[١١٠] عمار علی السمر: مصدر النفسه، ص٣٧٦.

[١١١] فاضل البراك: مصدر السابق، ص ٢١٩.

[١١٢] نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.

[١١٣] شكیب عقراوی: سنوات المحنة فی كردستان. أهم الحوادث السیاسیة والعسكریة فی كردستان والعراق من ١٩٥٨ الی ١٩٨٠، الطبعة الاولی، مطبعة منارة، أربیل، ٢٠٠٧، ص٣٤٥.

[١١٤] مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ٢٠٨.

[١١٥] شلومو نكدیمون: مصدر السابق، ص٢٦٧–٢٦٨.

ئەمریکی کەوت، لە ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوانیاندا، واشنتۆن بڕیاریداهاوکاریو کۆمەکی کورد بکاتو پەیوەندی لە گەڵیان دابمەزرێنێت، بەو مەرجەی پەیوندییەکە تەواو نهێنی بێت.[١١٦] ئەم پشتگیرییە دارایە کاتیەش لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ئیسرائیل (مۆساد) و ئاژانسی هەواڵگری ئێران (ساواك) ەوە پێشکەش بە کورد کرا [١١٧].

بە پێی ئەو بڕیارە ١٦ملیۆن دۆلار بە شێوەیەکی سەرەتایی بۆ یارمەتی کورد تەرخان کرابوو، لە کۆتاییەکانی ١٩٧٢دا ئەو بڕیارە جێبەجێکرا، ٦ملیۆن دۆلاری بە شێوەی نەختینە وەرگیراو ئەوی تریشی تەرخان کرا بۆ نرخی ئەو چەکانەی دەکڕدرێ.[١١٨] بەکارهێنرا بۆ کرینی ئەو چەکی سۆڤێتیانەی ئیسرائیل لە میانەی جەنگەکانی لەگەڵ عەرەب دەستی بەسەردا گرتبوون، و هەواڵگری ئێرانی (ساواك) گواستنەوەی بۆ کوردەکان گرتە ئەستۆ[١١٩].

لە ئەیلولی ١٩٧٣ بارزانی بۆ جاری دووەم سەردانی ئیسرائیلی کردو لەگەڵ وەزیری دەرەوەو بەرگریو سەرۆکی حکومەتی ئیسرائیلی کۆبووەوەو بارزانیان دڵنیا کردوە کە ئیسرائیل واز لە پشتگیری کورد ناهێنێت"[١٢٠].

لە شاری کرماشانی ئێرانی سەربازانی ئیسرائیلی هەستان بە مەشقو راهێنانی کورد لەسەر چەکی سوكو باڵیۆزی ئەوکاتی ئیسرائیل لە ئێران ئامادەی ئاهەنگی دەرچوونی بەشداربووانی ئەو خولە بوو و، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣دا لە ناوچەی قەسری شیرین خولێکی تر بەسەرپەرشتی ئەفسەرانی ئیسرائیلی کرایەوە، تیایدا بەرپرسانی پاراستنو ئەندامانی لقەکانی پارتی بەشدار بوون، کە مانگو نیوێکی خایاند. هەروەها لە تاران خولێکی تایبەت بە شەری شاخ کرایەوە کە دوو مانگی خایاند، تیایدا راهێنانیان لەسەر جەنگی پارتیزانیو دانانی بۆسەو چاندنی مین پێکرا. هەروەك لە شوباتی ١٩٧٥ خولێك لە ناوچەی شنۆ کرایەوە لەلایەن ٣ شارەزای ئیسرائیلییەوە و ٦٠ کەس تیایدا بەشداربوونو ماوەی ٤٥ رۆژی خایاند[١٢١].

دوای رێکەوتننامەی جەزائیر نوێنەرانی موساد لە کوردستان لە تارانەوە فەرمانیان پێگەیشت کوردستان بەجێبهێڵنو بەخێرایی بۆ تاران بگەرێنەوە[١٢٢]. مەسعود بارزانی دەڵێت: "من باوەرم وایە ئیسرائیل هەر لە پێشەوە ئاگای لە پیلانەکەی جەزائیر بووە و، ئەگەر نیازی پاك بووایە دەیتوانی لە رێگەی بەکارهێنانی قەسەرەوایی بێ سنووری خۆیەوە لای سیاسەتوانە ئەمەریکاییەکان شای ئێران ناچار بکا واز لەکردنی ئەو خیانەتە بهێنێ، بەڵام هیچی لەم بوارەدا نەکردو لە ئاست ئەو گورانەی بەسەر سیاسەتی ئەمەریکادا هات بۆ خۆی هەر تەماشای دەکرد"[١٢٣]. شایانی باسە ئەمریکاو ئیسرائیل چاودێری کۆبوونەوەکانی عێراقو ئێرانیان لە

[١١٦] گۆران ئیبراهیم ساڵح: دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراقدا ٦/ ئازاری ١٩٧٥– ٢/ ئابی ١٩٩٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٩٣–٩٤.

[١١٧] د. عوسمان عەلی: ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو کورد ئایا کوردستان دەبێتە کۆلۆنییەکی ئەمەریکی، وەرگێرانی بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٠.

[١١٨] مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

[١١٩] عمار علی السمر: مصدر النفسه، ص٤٠٢.

[١٢٠] شلومو نكديمون: مصدر السابق، ص٢٧٨.

[١٢١] فاضل البراك: مصدر السابق، ص٢٢٦–٢٢٧.

[١٢٢] ايوب بارزانی: مصدر السابق، ص٥٠٨.

[١٢٣] مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥.

ئەستەمبوڵ دەکرد کە لە کانونی دووەمی ١٩٧٥دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان ئەنجامیاندا، وەك قۆناغێکی گفتوگۆکانی نێوانیان کە دواجار رێکەوتننامەی جەزائیری ٦ی ئازاری ١٩٧٥ی لێکەوتەوە[١٢٤].

## ئەنجام

کۆڵینەوەی پێوەندی ئیسرائیل و کورد لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول دا گەڵێ دەرهاویشتەو ئەنجامی تێدایە، کە لەم خاڵانەی خوارێدا خراونەتە روو:

یەکەم: شۆڕشی ئەیلول لەسەر ئاستی پێوەندییە هەرێمیو نێونەتەوەییەکاندا بایەخێکی بەرچاوی هەبوو، ئیسرائیل کوردی وەك فاکتەرێکی کارای هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە تەماشا دەکردو پێی وابوو بەشێکی گرنگی بەرژەوەندییەکانی لە سۆنگەی نەتەوەی کوردەوە لەگەڵ نەیارەکانیدا یەکلا دەکاتەوە.

دووەم: سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە رەوشێکدا بوو کە بەسانایی دەستی دەبرد بۆ هەر هێزێك کە بە نیازی پشتیوانیو کۆمەکی سەربازیو سیاسیی شۆڕشەکەوە هاتبێتە پێشێ، ئەوەیش بەبێ رەچاوکردنی هیچ پرۆتۆکۆڵو پێناوێکی یاسایی، لەم پێناوەدا کورد بووە گەمەی ئیسرائیلو وڵاتە هەرێمییەکانی دۆستی ئیسرائیلو لەکاتی تەواو بوونی بەرژەوەندییە تاك لایەنەکانیان، دەستیان لە شۆڕش بەرداو رەچاوی ئاکامە تاڵو تاریکەکانی شۆڕشیان نەکرد.

سێهەم: پێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل لەنێو وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبیدا دیوێکی نەرێنییان دایە جوڵانەوەی کوردو پاساوی نێو زڕاندنێکی بێویژدانانەیان خستە پاڵ شۆڕشی هەقخوازی نەتەوەی بندەستی کورد.

چوارەم: ئیسرائیل پشتیوانی کردارەکی سەربازیو سیاسیو مەعنەوی شۆڕشی کردو لە رووداوەکانی نێو شۆڕشدا گەڵێ لە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بە راوێژو پشتیوانی سەربازیو مادیو مرۆیی ئیسرائیلییەکان بوو.

پێنجەم: پێوەندییەکانی ئیسرائیل بەشۆڕشەوە زۆرجار پێوەندییەکی راستەوخۆ نەبوونو لەرێگەی ئێرانەوە بوون، ئێرانیش تەنها شۆڕشی ئەیلولی وەك کارتێك بۆ سەر حکومەتی بەغداد دەبینی.

شەشەم: پێوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولدا پێوەندییەکی تۆکمەو هەمە لایەنە نەبوو، بەڵکو پێوەندییەکی شاراوەو پچڕپچڕ بوو، تەنها تا ئاستێکی سنوردار بەدەمەوە چوونیان بۆ شۆڕشی کوردستان هەبوو.

حەوتەم: ئیسرائیل تەنها لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی، ئەو بەرژەوەندییانەی کە لە مژوڵبوونی بەغدادەوە دەیبینییەوە لە کێشە ناوخۆییەکانی لەگەڵ کوردا، بەمەیش فشارەکانی ئێراقی لەپشتیوانی وڵاتانی عەرەبیدا کەم دەکردەوە.

هەشتەم: بەشێوەیەکی سەرەکی کوردانی جوو ، رابردووی هاوبەشی جوە کوردەکان لەنێو ئیسرائیل، نەبوونە فاکتەرێکی کارا کە متمانە راستگۆییو هاوسۆزی دەسەڵاتی سیاسی ئیسرائیل بۆ کوردەکان کەمەند کێش بکات.

---

[١٢٤] گۆران ئیبراهیم سالح: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤–١٠٧.

**نۆیەم: دەستبەرداربوونی لەناکاوی ئیسرائیلو ئێران بۆ شۆڕشی ئەیلول، هەڵوێستەو بەخۆداچوونەوەی لەنێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دروستکرد، کە ئیدی لەپاش شۆڕشی ئەیلول خۆرئاواو ئیسرائیل نەکەنە پەناگەی خولیاو خواستە سیاسیەکانیان.**

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی**

**١. ئەحمەد باوەڕ : جوولەکەکانی کوردستان، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠٠٠ .**

**٢. ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستانو شۆرشی ئەیلول بنیاتنانو هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی شێنێ، ١٩٩٨.**

**٣. بکر حەمەڕ صدیق عارف : لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە، چاپی یەکەم ـ ١٩٩٧ .**

**٥. جەلال تاڵەبانی: کوردستانو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی، ح-ا، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠١١.**

**٦. رەشاد میران : ڕەوشتی ئاین و نەتەوەکان لە کوردستان، چ٢، کوردستان، ٢٠٠٠ .**

**٧. گوینتەر دێشنەر: کورد گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤.**

**٨. گۆران ئیبراهیم سالح: دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراقدا ٦/ ئازاری ١٩٧٥- ٢/ ئابی ١٩٩٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.**

**٩. عوسمان عەلی: ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو کورد ئایا کوردستان دەبێتە کۆلۆنییەکی ئەمەریکی، وەرگێرانی بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠.**

**١٠. عیسی پەژمان: نهێنیەکانی پەیمانی شومی ئەلجەزائیر ١٩٧٥، وەرگێرانی ناصری ئیبراهیمی، سوئید، ١٩٩٧.**

**١١. مایکڵ گانتەر: فەرهەنگی کوردی، و.مامکاك، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧.**

**١٢. مسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆرشی ئەیلول١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.**

**١٣. مەسعود بارزانی : بارزانیو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ١٩٣١ ١٩٥٨، کتێبی سێهەم، و:سەعید ناکام، چاپخانەی دهۆك، دهۆك،١٩٩٨، ل٢٠١٣.**

**١٤. نازناز محممەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**١٥. واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.**

**١٦. وریا رەحمانی: شۆرشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠١٣.**

**بە زمانی عەرەبی**

**١٧. أحمد سوسه : ملامح من التأريخ القديم ليهود العراق، مركز دراسات فلسكنه، گ١، بغداد(١٩٧٨).**

**١٨. أحمد سوسه : مفصل العرب واليهود فى تأريخ، گبعه الجسد، بغداد، ١٩٨٠، ص ٥٥٥**

١٩. أحمد نسيم سوسه : حياتی فی نصف قرن، گـ١، بغداد ١٩٨٦ ، ص٨٧.

٢٠. ايوب بارزانی: الحرکه التحرريه الکورديه و الصراع القوی الاقليميه والدوليه ١٩٥٨-١٩٧٥، دار نشر حقائق المشرق، جنيف.

٢١. شلومو نکديمون: الموساد فی العراق ودول الجوار انهيار الامال الاسرائيليه والکرديه، ترجمه بدرعقيلی، الگبعه الپانيه، دار الجليل للنسر، عمان، ٢٠٠٤، ص

٢٢. شکيب عقراوی: سنوات المحنه فی کردستان. أهم الحوادپ السياسيه والعسکريه فی کردستان والعراق من ١٩٥٨ الی ١٩٨٠، الگبعه الاولی، مگبعه مناره، أربيل، ٢٠٠٧.

٢٣. شلومو نکديمون: الموساد فی العراق ودول الجوار انهيار الامال الاسرائيليه والکرديه، ترجمه بدرعقيلی، الگبعه الپانيه، دار الجليل للنسر، عمان، ٢٠٠٤.

٢٤. صلاح الخرسان: التيارات السياسيه فی کردستان العراق قراوه فی ملفات الحرکات والاحزاب الکرديه فی العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، الگبعه الاولی، مؤسسه البلاغ للگباعه والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠١.

٢٥. صادق حسن السودانی : النشاگ الصهيونی فی العراق، ١٩١٤ ـ ١٩٥٢، گبعه الپانيه، بغداد . ١٩٨٦ ص٧ .

٢٦. عمار علی السمر: شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥ دراسه سياسيه، الگبعه الاولی، المرکز العربی للابحاپ ودراسه السياسات، بيروت، ٢٠١٢.

٢٧. فاچل البراك: مصگفی بارزانی الاسگوره والحقيقه، دار الشؤن الپقافيه العامه، بغداد، ١٩٨٩، ص٢٠٧.

٢٨. فاچل البراك : المدارس اليهوديه وألّيرانيه فی العراق، دراسه المقارنه، الگبعه الپانيه، بغداد ١٩٨٥ ، ص٦٣.

٢٩. مأمون کيوان : اليهود فی الشرق الّوسگ : الخروج الّخير من الجيتو الجديد،گـ١، ١٩٩٦ ، ص ١٨ .

٣٠. میڤان عارف بادی: موقف الاحزاب السياسيه العراقيه من القچيه الکورديه (١٩٤٦-١٩٧٠)، الگبعه الاولی، مگبعه خانی، دهوك، ٢٠٠٨.

٣١. نورالدين زازا : حياتی ککوردی، ت: خسرو بوتانی، گـ١، اراس، أربيل، ٢٠٠٨.

**بە زمانی فارسی**

٣٢. کامران گارمی: تحليلی بر سياست های امنيت ملی ايران در قبال منگقه خاورميانه در دوران حکومت محمد رچا پهلوی ١٩٦٢-١٩٧٩.

**بەزمانی ئینگلیزی**

٣٣. Sachar H.M. A History of Israel: From the Rise of Zionism to Our Time. New York, ٢٠٠٠.

٣٤. Sabar Y. The Folk Literature of the Kurdistani Jews. Yale University Press, New Haven, ١٩٨٢.

٣٥. Patai R. Preface, in: Brauer E. The Jews of Kurdistan. Completed and Edited by R . Patai. Wayne State University Press, Detroit, ١٩٩٣.

٣٦. Nachmani A. Israel, Turkey and Greece: Uneasy Relations in the East Mediterranean, London, ١٩٨٧.

**گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان**

٣٧. شاکر فەتاح : کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ، زنجیرەی ژمارە (٢٥٠) ١٩٨٣.

٣٨. عەباس سلێمان ئیسماعیل : ڕیشەی جوولەکەکانی کوردستان و نەرێتیان لە پارێزگای هەولێر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە ( ١٤) ، بەهاری ٢٠٠٢ .

٣٩. صدیق صالح : (گەڕەکی جووەکان) لەکۆمارێکی کۆنی (شارەوانی سلێمانیدا) ، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە(١٤) کانوونی یەکەم، سلێمانی .

**گۆڤارە عەرەبییەکان**

٤٠. اسامە محمد ابونحل: یهودیە دولە اسرائیل، مجلە جامعە قدس المفتوحە للدراسات‌والابحاپ، عدد ٢٣، حزیران ٢٠١١.

**گۆڤارە ئینکلیزییەکان**

٤١. Galletti M. Kurdistan: A Mosaic of People // Acta Kurdica: The International Journal of Kurdish and Iranian Studies. Vol.١, ١٩٩٤.

٤٢. Ofra Bengio: Surprising Ties between Israel and the Kurds, Middle East Quarterly, SUMMER ٢٠١٤ , VOLUME ٢١: NUMBER ٣.

**ماڵپەرو سایتە ئەلکترۆنییەکان بە زمانی عەرەبی**

٤٣. موقع وزاره الخارجیه الإسرائیلیه: حمله سیناو (حمله کادیش) ١٩٥٦/ http://mfa.gov.il/MFAAR/InformationaboutIsrael/TheHistoryOfTheJewishPeople/WarsOfIsrael/Pages/sinai٪٢٠campain.aspx

٤٤. مقدمه سفر نحمیا والسفار التاریخیه بعد السبی/ http://st-takla.org/pub_Bible-Interpretations/Holy-Bible-Tafsir-٠١-Old-Testament/Father-Antonious-Fekry/١٦-Sefr-Nahamia/Tafseer-Sefr-Nehemiah__٠٠-introduction.html

**ماڵپەرو سایتە ئەلەکترۆنییەکان بەزمانی ئینگلیزی**

٤٥. Sergey Minasian: THE ISRAELI-KURDISH RELATIONS , p١٩,٢٠ http://www.noravank.am/upload/pdf/٢٥٦_en.pdf .

٤٦. Israel Hanukoglu, Ph.D: Brief History of Israel and the Jewish People/ http://www.science.co.il/Israel-history.php.

٤٧. http://www.jewfaq.org/ashkseph:htm Ashkenazic and Sephardic Jews
Yitzhak Ben-Zvi/
http://www.mfa.gov.il/mfa/aboutisrael/state/pages/yitzhak٪٢٠ben-zvi.aspx.

٤٨. Oppenheim A. The Y Chromosomes Pool of Jews as Part of the Genetic Landscape of the Middle East // The American Journal of Human Genetics, N.٦٩ (٥), ٢٠٠١.